# هزری کۆمەڵایەتییانەی زمان و رەنگدانەوەی لە وەرگێڕاندا


**پ. د. بەکر عومەر عەلی**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**کوردی**

**د. تریفە عومەر ئەحمەد**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**وەرگێڕان**



**پوختەی لێکۆڵینەوەکە :**

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (هزری کۆمەڵایەتییانەی زمانو کاردانەوەی لە وەرگێڕاندا)، پشکنینی ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتییانەیە، کە دەسەڵاتی بەسەر هزری مرۆڤدا کێشاوە، بەجۆرێك لەلایەك پێیدەدوێتو هەڵسوکەوتی پێدەکات، لەلایەکی دیش، ئەم هزرە کۆمەڵایەتییە وەها لە زمان دەکات، ببێتە تیاهەڵگری کۆی بیرو ئایدیاکانی مرۆڤ دەربارەی جیهانو دەوروبەرەکەیو مۆرکی کلتوری ئەو زمانەی لێبدرێت، کە تایبەتە بە ناوچەو پنتێکی دیاریکراو.

زمانی کوردی چ وەك فەرهەنگو چ وەك رستە، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت تیاهەڵگری کۆی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر بێت، هەروەك چەمكو ئایدیای دینی، سیاسی، کلتوری، رۆشنبیری، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەش، سەلماندنی ئەم گریمانەیە لەسەر ئاستی فەرهەنگو خستنەڕوی ئەو بەڵگانەی، کە تاکی کورد بەپێی بیرکردنەوەی بەو فەرهەنگە مامەڵەی کردووەو لە کۆی هەڵسوکەوتەکانیدا رەنگیداوەتەوە، هەڵبەت جیاوازیی هزرو بیکردنەوەی تاك لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازەو ئەم خاڵی جیاوازییەش لە کردەی وەرگێڕاندا بەرجەستەدەکرێت، خودی ئەمەش وەك بەڵگەیەکی سەلماندنی گریمانەکە دەیخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش، لێکۆڵینەوەکە بە دوو بەش دیاریکراوە، بەجۆرێك بەشی یەکەم تایبەتە بە هزری کۆمەڵایەتییانەی زمان پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەمەش دەکرێتە بنەمایەك بۆ شەنوکەوکردنی بەشی دووەم، کە پشکنینی کاریگەریی ئەو فەرهەنگە کلتورییەی کۆمەڵگایە لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانی دووەم، یان زمانی بێگانە.





کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## **بایەخی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی هزری کۆمەڵایەتییانەی زمان، بنەمایەکە بۆ درککردن‌و پەیبردن بە چۆنێتی‌و چەندێتیی گەشەی بیری زمان‌و کەسێتیی قسەکەرانی، کە ئەمەش لەسەر ئاستی ئاسۆیی فراوانبوون، یان بە پێچەوانەوە تەسکبوونەوەی فەرهەنگی زمانەکە دەخاتەڕوو، لەسەر ئاستی ستونیش، گۆڕانی بیرکردنەوەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی‌و کاریگەری لەسەر کەسێتیی تاکی کورد دەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە، بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سێ خاڵ دیاریدەکەین:

١. چۆنێتیی هەڵکشان‌و داکشانی فەرهەنگی کوردی بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکە، کە ئەمە بریتییە لە ئاستی ئاسۆیی.

٢. خاڵی یەکەم دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕوانین لە گۆڕانی ڕادیکاڵانەی بیرکردنەوەی قسەپێکەران دەربارەی جیهان‌و دەوروبەر، کە ئەمەش بریتی دەبێت لە ئاستی ستونی.

٣. کەلێنی چەمکیی لە کردەی وەرگێڕاندا، دەبێتە بنەمایەك بۆ ڕێژەی گۆڕانی هزری کۆمەڵایەتیی زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

## **میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، میتۆدی شیکاری‌و پراکتیکی لە شیکردنەوەی کەرەستە فەرهەنگییەکاندا، کە وەرگرتنی فەرهەنگی شێوەزاری سلێمانییە، بەکاردەهێنین.

### **١/١ ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی زمان**

کۆمەڵ بەر لە بوونی هەر پێناسەیەك، بریتییەلە کۆی ئاخێوەرانی کۆمەڵگا وەك تاك، لەبەرئەوە بۆ پسپۆڕانی کۆمەڵناس، لێکۆڵینەوە لە تاك هێندەی لێکۆڵینەوە لە خانە بۆ پسپۆڕانی بایۆلۆژی گرنگە، هۆکاری ئەمەش بۆ چۆنێتیی تێگەیشتن لە تاك دەگەڕێننەوە، بەجۆرێك مرۆڤ تا تێگەیشتنی دەربارەی کارو کردەوەکانی ئەوی تر نەبێت وەك تاك، ناشتوانێت لە چۆنێتیی هەڵسوکەوتی کۆی تاکەکان لەگەڵ یەکتر تێبگات، ئەمەش خاڵی گرنگی لێوردبوونەوە بووە بۆ کۆمەڵناسان‌و لەم ڕوانگەیەوە ئەو زانیارییەیان تۆمارکردووە، کە هیچ دوو تاکێك، یان دوو قسەپێکەری زمانێك، ناکرێت وەك دوانەیەکی بایۆلۆژی، کە هەڵگری تەواو خەسڵەتی هاوبەشێتیی زمانیی بن، دابنرێت، بەڵکو بەپێچەوانەی دوانەی بایۆلۆجییەوە، بەهۆی هەژمون‌و شارەزایی جیاوازەوە، تایبەتمەندێتیی دیاریکراوی زمانیش بەرهەمدەهێنرێت.[1]

بەمپێیە تاك لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا بەهۆی هەژمونە جیاوازەکانییەوە، کە بریتییە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و کلتوری‌و جوگرافیایی، نائاگایانە دەبێتە هەڵگری نەخشەی زمانیی جیاواز، بەچەشنێك هەر تاکێك پەیوەست بە بەوانی دیکەوە، لە فەرهەنگ‌و گوزارشتکردن‌و چۆنێتیی بەکارهێنانی فەرهەنگەکەی‌و دەربڕین‌و ئەکسێنتەکەیدا جیاوازە لەوی دیکە، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم جیاوازییانەش، جگەلەوەی تاکەکان بەهۆی هاوبەشێتیی کلتوریی کۆمەڵایەتی‌و کلتوریی زمانییەوە، دەتوانن لەگەڵ یەکدا ژیان بکەن‌و هەڵبکەن، بە هەمان شێوە هەر پێکەوە بەهۆی چۆنێتیی ئاڕاستەی بیکردنەوەکانەوە، کاریگەریی لەسەر زمانەکە بە گۆڕینی بە

---

[1] Hudson (1996: 10-11)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاڕاستەیەکدا دادەنێن‌و بەپێچەوانشەوە پرۆسەکە بەردەوامدەبێت، بەمەش پەیوەندێتیی زمان‌و کۆمەڵ لە چەنیدێتی‌و چۆنێتیی گۆڕانی ئاڕاستەکانیدا بەدیدەکرێت.

لێرەدا پەیوەندێتیی زمان‌و کۆمەڵ بە چەند خاڵێك دیاریدەکەین:[٢]

١. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دروستەی زمانیی دیاریدەکات، ئەمەش لە دیاردەی پلەکانی تەمەندا بەرجەستەدەبێت، بۆ نمونە مێردمناڵێك جیاواز لە هەرزەکارێك‌و ئەمیش جیاواز لە گەنجێك‌و بەتەمەنێك دەدوێت، یان جیاوازیی ئاخاوتن لەلایەن توخمی نێرو مێوە، یاخود جیاوازیی ئەتیك‌و شوێنی کۆمەڵایەتی‌و هەرێمایەتی، هۆکاری جیاوازیی دروستە زمانییەکەشە، بۆ نمونە بڕوانە جیاوازیی زمانیی نێوان قسەپێکەری شێوەزاری سلێمانی‌و شارەزوور، یاخود جیاوازیی توخمی نێرومێ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگای کوردیداو رەنگدانەوەی ئەم جیاوازییە لە زماندا.

٢. دروستەی زمانیی، یان هەڵسوکەوتی زمانیی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات، هەروەك ساپیرو ورف ئەم بۆچونەیان لە رێژەداریی زماندا خستووەتەڕوو، بەوەی زمانی هەر میللەتێك، هەڵگری بیری کەلتورو کۆمەڵەکەیەتی، یاخود فەرهەنگی زمانەکە، سنوری بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی‌و کلتوری شوێنەکە دیاریدەکات، بۆنمونە لە زمانی کوردیدا وشەگەلێکی وەك (ژنبەژن، خۆکوشتن، چەتە، حەیتە، بارچاوەش، ...تاد)، هەرلگری درکپێکردنی رەهەندی کۆمەڵایەتی‌و کلتورییانەی کۆمەڵگای کوردییە.

هەروەها (زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتییانەی قسەکەر دیاریدەکات، بەچەشنێك گوێگر دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات، کە قسەکەر سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە، لە چ تەمەنێکدایە، باری رۆشنبیریی چۆنە، خەڵکی کوێیە، نێرە یان مێیە، خوێندەوارە، یان نەخوێندەوارە، تەنانەت باری دەروونیی چۆنە)[٣]. هەروەك دەربڕینی گوزارشتێکی وەك (خوشکی کەڕو کوێر بێ لە بەحرەکەی ئیجە خنکاوە.) گوێگر درك بەوە دەکات، کە خاوەنی ئەم گوزارشتە مێیە، باری رۆشنبیریی لاوازە، سەر بە ناوچەی سلێمانییە، لە رووی دەروونییەوە پەشۆکاوو خەمبارە.

٣. جوت-ئاڕاستەیی پەیوەندێتیی زمان‌و کۆمەڵ، بە واتای کارێگەرێتیی زمان‌و کۆمەڵ لەسەر یەکتر، ئەمەش لە راستیدا هۆکاری سروشتیی بەرهەمهێنانی هەمەچەشنێتیی زمانە، دیدی مارکس بۆ ئەم بابەتە، کە لە دیتمارەوە وەریگرتووە، بە جۆرێکە، کە هەڵسوکەوتی ئاخاوتن‌و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی حاڵەتێکی چەسپیوو بەردەوامی کارلێکردنە، هەر ئەمەشە مەرجی مادیی زیندوێتیی. لە دونیای ئەمڕۆدا هێنانەناوەوەی فەرهەنگێك، کە تایبەت بە دونیای تەکنەلۆژیایە، نمونەی ئەم پێکداچوون‌و کارلەیەککردنەی زمان‌و کۆمەڵ نیشاندەدات، هەروەك ئاخێوەری زمانی کوردی لە بەکارهێنانی وشەکانی تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت، وەك هەڵسوکەوتی زمانیی بە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەیبەستێتەوە، بۆ نمونە بڕوانە بەکارهێنانی وشەی (لایك، کۆمێنت، پرۆفایل، فرێند..تاد) پەیوەست بە لایەنی کۆمەڵایەتی قسەکەرەوە.

---

[2] Wardhaugh (1990: 10-11)

[٣] محمد معروف فەتاح (٢٠١٠: ١٣٧)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤. ناکاریگەرێتیی زمان‌و کۆمەڵ لەسەر یەکترو بانگەشەبۆکردنیان وەك دوو بابەتی سەربەخۆ، بە وشەیەکی دیکە نەبوونی پەیوەندیی لەنێوان زمان‌و کۆمەڵدا.

**٢/١ هزری کۆمەڵایەتی‌و کلتوری زمان**

مرۆڤ لەپێناو مانەوەو درێژەدان بە ژیانکردنی خۆی، بەردەوام هەوڵی دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە داوەو بۆ قبوڵکردنیشی، پشت بە یاساو رێسا کۆمەڵایەتییەکان لە رووی بەهاو رەوشت‌و بیروباوەڕو نەریتەکانەوە دەبەستێت، بەمەش مرۆڤ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی‌و کلتوریی، بەهۆی زمانەوەو لەنێو ماڵی زمانەکەیدا پێناسەی خۆی دەکات‌و لە بونەوەرانی دیکە جیایدەکاتەوە، بەو مانایەی مرۆڤ لەنێو زمانەکەیدا کۆی بیرە کۆمەڵایەتی‌و کلتورەکانی بەکۆددەکات‌و لە هەمبەریشدا گوێگر لە پرۆسەی دیکۆدیندا توانای شکان‌و کردنەوەی ئەو کۆدانەی هەیە، کە هەڵگری هەمان بیرو پەیامی کۆمەڵایەتی‌و کلتوریین.

بەمپێیە زمان سیستمێکی نیشانەییە وەك بوونی نرخی کلتوریی دەپشکنرێت، ئاخێوەران خۆیان‌و بیرەکانیان لە بەکارهێنانە زمانییەکانیاندا دەناسێنن‌و وەك هێمای ناسنامەی کۆمەڵایەتی، بەرجەستەیاندەکەن، هەروەها بەکارهێنانە قەدەغەکراوەکان زۆرکات لەلایەن قسەپێکەرانییەوە وەك رەتکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتی‌و کلتورییەکانیانە، ئەمەش دەکرێت بە هێماکردنی حەقیقەتی کلتوریی زمان Language symbolizes cultural reality ناوببرێت،[٤] لە کۆمەڵناسیشدا ئەم بابەتە وەك هزری کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو.

لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا لە رێگەی چەمکگەلێکەوە باسی هزری کۆمەڵایەتی social thought کراوە، هەروەك چینە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەو فێرکردن، جەوهەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی ئەندامانی کۆمەڵگا بە حکومەتەوە، پۆلێنبەندیی کۆمەڵگا مرۆییەکان،[٥] بەگشتی هزری کۆمەڵایەتیی، کە بنەمای سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆجییە، هەموو بنەماکانی ژیانکردنی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ دەگرێتەوە، چونکە خودی مرۆڤ وەك بونەوەرێکی ژیرەکی لەلایەکەوە پەیوەستە بە سیستمی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی خێزانەکەیەوە، لەلایەکی دی کاریگەرە بە ژینگەی دەرەوەی، هەروەك کەشوهەواو شوێنی جوگرافی‌و ئاین‌و سیستمی ئابوری‌و حکومڕانی، هەر ئەمەشە وا لە لێکۆڵەران دەکات، پێیانوابێت، کە کۆمەڵی کۆنی دۆڵی نیل‌و بابل رەنگدانەوەی رەوشی ئایینی‌و ئابووری‌و سیاسیی سەردەمی خۆیان دەرخستووە.[٦] ئەمەش کورتوپوخت ئاماژە بە کلتوری کۆمەڵگایەکی مرۆیی، یان ئایینێك، یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی دەکات، بۆ نمونە، کە دەوترێت هزری کۆمەڵایەتیی ئێران لە سەردەمی کۆندا لەلایەن زەردەشت‌و شوێنکەوتووانی زەردەشتەوە بریتیی بووە لە "خۆپاراستن لە تۆمەت، نەپەشۆکان، خۆنەدانبەدەست توندوتیژی‌و توڕەیی‌و ئارەزووەکان، ئێرەیی نەبوون، تەمەڵی نەکردن، رێزگرتن لە مافی خەڵکانی تر...تاد"[٧]، ئەم رەوشتانە بووەتە رەوشتێکی کلتوریی لای زەردەشتییەکان.

---

[4] Kransch (2009: ٤ )

[٥] مەنوچهێر موحسنی (٢٠٠٢: ٤٨-٥٠)

[٦] حەمید عزیز (٢٠١١: ١٦-١٧)

[٧] مەنوچهێر موحسنی (٢٠٠٢: ٤٩)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

كلتور سێ لایەری پێكەوەگرێدراو دەگرێتەوە، كە بریتین لە لایەری كۆمەڵایەتی-سینكرۆنی، لایەری مێژوویی-دیاكرۆنیو لایەری وێناكردن، لە لێكۆڵینەوە زمانییەكاندا هەردوو لایەری سینكرۆنیو دیاكرۆنی بە دەوروبەری كۆمەڵایەتی-كلتوری ناودەبرێت، لایەری سێییەمیش لە پاش هەر دوو لایەری كۆمەڵایەتیو مێژووییەوە پێشنیازكراوە، بەوەی كلتور تەنها ئێستاو رابردوو نییە، یان تەنها بەهۆی حەقیقەتو حەقیقەتە هونەرییەكان نانوێنرێت، بەڵكو خەونو خەیاڵی هاوبەشو وێناكردنی هاوبەش دەگرێتەخۆ، بەمپێیە چۆنێتیی وێناكردنو خەیاڵی هەندێك كەس هێما بۆ كلتوری ئەو شوێنە دەكات، بۆنمونە خەونی شكسپیر لە یەكپارچەیی شاری لەندەن كلتورێكی وێناكراوە، هەروەها دەستەواژەی (من خەونم هەیە)ی لینكۆڵن لە ساختمانی واشنتۆندا، كە مارتن لۆسەر لە ١٩٦٣ قسەی لەسەركردووە، بووە بە دەستەواژەیەكی كلتوریی وێناكراو، وێنەكردنی باخچەكانی رۆس لە فەرەنسا وێناكردنی شعری رۆنساردە.[8]

پەیوەست بە كۆمەڵگای كوردییەوە، بەگشتی شاعیرانو نوسەرانمان، سیستمی كۆمەڵایەتیو كلتورییان، چ بە ئامانجی رەخنەگرتن، یان خستنەڕوو بێت، هێناویانەتە ناو تێكستەكانیانەوە، بۆنمونە نالی هزری بیری كۆمەڵایەتی لە چەندین تێكستی شعریدا خستووەتەڕوو، یان قانع بیری رەخنەگرانەی كۆمەڵایەتی لە چەندین دەقیدا رەنگدەداتەوە، هەروەك رەخنەگرتن لە پەیوەندیی كوڕو كچ، سیستمی حكومڕانی، قسەو قسەلۆكی خەڵك، یان شێخ رەزای تاڵەبانی، لە رێگەی شعری هەجووەوە بەرجەستەی هزری كۆمەڵایەتیی تاك دەكات. لە (١)دا نمونەی شعرێكی شێركۆ بێكەس لەژێر ناونیشانی (قەفەس)دا هزری كلتوری كورد لە چۆنێتیی ترسدەركردنی منداڵدا دەخاتەڕوو، بەجۆرێك ئەم هزرە وەك نەریتێكی كلتوریی لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵگاوە وەك نەریتێكی كلتوریی پەیڕەوكراوە.

١. كە منداڵ بووم .. دایكم مابوو
كاتێ ترس دڵەلەرزەی پێئەخستم
چاوی ئەكردم بە قوڵداو مۆتەكەو تارمایی سواری سنگم ئەكرد
دەمەوئێوارەی خۆرنشین، جامێ ئاوی لەسەر سەرم
رائەگرتو پشكۆی تیا ئەكوژانەوە
چزەی پشكۆو دەنگی دایكم، ترسەكانی تیا راوئەنام
من ئێستا كە دایكم نییە، پزیشكێكی ئەو پشكۆیەم بۆ بهێنە

لەلایەكی دیكەوە، ئیدیۆمو پەندی پێشنینان ئاماژە بە هزری كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگا دەدەن، ئەمە جگەلە میتافۆرەكان، كە وێڕای بەكارهێنانی ستاتیكیان، دەرخەری هزری كۆمەڵایەتیی تاكیشە، بۆنمونە كاتێك دەربڕاوێكی میتافۆری وەك (كەسێكی گڵاوە.) بەكۆددەكرێت، ئەوا بیری كۆمەڵایەتیی تاك لە بەكۆدكردنی ئەو دەربڕاوەدا لەو كلتورەوە سەرچاوەی گرتووە، كە سەگ ئاژەڵێكی پیسو ناتەندروستو وەلانراوە، كۆی ئەمانەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، كە زمان دەرخەری هزری كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگایەو بەهۆیەوە دەتوانرێت لێكۆڵینەوە لە سیستمی كۆمەڵایەتیو كلتوری كۆمەڵگایەك بكرێت.

---

8 Kransch (2009: 8)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| ژ. | پەندو ئیدیەم بە شێوەی فەرهەنگ | نەرێ | ئەرێ | ڕاڤەکردنی هزرەکە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١. | قەلەڕەشی دوای گورگە. تێڕوانینەکە : قەل+گورگ | √ | - | مەبەست لە ١. کەسێکی هەلپەرستو خراپو شوێنکەوتەی بەرماوەی خەڵك، ٢. کەسێك، کە شوێن یەکێك لە خۆی خراپتر بکەوێت. |
| ٢. | کەس بە ڕبەی ئەو ناپێوێت. تێڕوانینەکە: پێوەرو پێواندن | √ | - | مەبەست تانەدان لە کەسێکە، کە کەس حسابی بۆ نەکاتو نەیخوێنرێتەوەو قسەی لە کۆمەڵدا ناڕوات. |
| ٣. | کەڵەشێری ناوەختە. تێڕوانینەکە: دەنگو خوێندنی کەڵەشێر، ئاماژە بە ڕووداوی خراپ دەدات. | √ | - | بەیەکێك دەڵێن کارێك بکات، کە ئەنجامەکەی بۆ خۆی خراپ بێت. |
| ٤. | ئاخیرەت خێربێ، نۆبەرەت نێر بێ. تێڕوانینەکە: پێکەوەبەندی دونیاو قیامەت بەهۆی توخمی نێرەوە | √ | - | مەبەست لە خێرو بەرەکەتو پڕبەهاکردنی توخمی نێرە، کە دەبێتە دەسەڵاتدارو جێگرەوەی بنەماڵەو خێردانەوەی بۆ ئاخیرەت و قیامەت. |
| ٥. | گەزو مقەست بەدەست خۆیەوەیەتی. تێڕوانینە: پێوەرو پێواندن | - | √ | مەبەست لە کەسێکە، کە خۆی خاوەنی بڕیار بێتو سەربەستو خاوەن دەسەڵات بێت. |
| ٦. | چیشت بە خوێو خوێش بە مەعنا. تێڕوانینەکە: پێوەرو پێواندن | - | √ | لێرەدا وشەی مەعنا بە واتای پێوەر دێت، واتە هەموو شتێك ئەبێت بە قیاس بێتو حەقی خۆی پێبدرێت. |
| ٧. | دەستی لەخۆی شتووە. تێڕوانینەکە: ئەندام+ بەها+ ڕەفتار | √ | - | بە کەسێك دەوترێت، کە دەستبەرداری بەها ڕەوشتییەکانی خۆی بوبێتو بە هەموو شێوەیەك دەستی دابێتە خراپەکاری. |
| ٨. | دەستی بڕی. تێڕوانینەکە: ئەندام+ بەها | √ | - | لە خشتەی برد، دەستخەڕۆی کرد، هەڵیفریواند. |
| ٩. | گرێی دەست مەخەرە دەم. | √ | - | واتە پەشیمان مەبەرەوە لەو کارەی کە کردووتە. |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تێڕوانینەکە: ئەندام+ هەوڵویست+ ڕەفتار | | | |
| .١٠ | دەستی خۆم داخ ئەکەم. تێڕوانینە: ئەندام+ دانپێدانانو ڕەفتار | √ | - | دانان بە هەڵەو بەڵێندانی دوبارەنەکردنەوەی ئەو هەڵەیەیە، هەندێ کات بە بە واتای تۆبەکردن لە کارێك دێت. |
| .١١ | ئەگەر ژنی خۆت پیرە بە کەس مەڵێ داپیرە. تێڕوانینەکە: بنەما ڕەوشتییەکانو کارپێکردنی | - | √ | واتە کەسێك لەسەر ئەو سیفەتو کردارەی، کە نییەتی نابێت ڕەخنە لەوی تر بگرێت. |
| .١٢ | پاشاگەردانی تێڕوانینەکە: دەسەڵات | √ | - | لەدەستدانی شیرازەو تێکچوونی پەیوەندییەکانو نەمانی دەسەڵات، بەجۆرێك هەر کەس بۆ خۆیەتیو لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو سزا لەسەر بەدکاریو ڕەوشتییەکان نییە. |
| .١٣ | شەڕی خۆتڕێن تێڕوانینەکە: کەڵكو بەرژەوەندیو ئەنجام | √ | - | کارێك، کە ئەنجامەکەی نەك مایەپووچو بێکەڵك بێت، بەڵکو مایەی نەهامەتیو سەرگەردانی هەردولا بێت. |
| .١٤ | شەکر لە دەمی دەبارێت. تێڕوانینەکەی: ئەندام+ ڕەفتار | - | √ | کەسێك قسەو ڕووخۆشو کۆمەڵایەتی بێت لەنێو خەڵکیدا. |
| .١٥ | بەڕوو لە دەمیا تەقیوە. تێڕوانینەکە: ئەندام+ بەکارهێنان | √ | - | بە ١. کەسێکی زۆربلێ دەوترێت، هەروەها ب. کەسێك قسەکانی بێزارکەرو جێییەك پڕنەکاتەوە. |
| .١٦ | ناوچەوان قەشقەیە تێڕوانینەکە: ئەندام+ ئایندە | √ | - | بەدبەختو چارەڕەشو شوم |
| .١٧ | دەمدرێژ/ زماندرێژ تێڕوانینەکە: ئەندام+ڕەوشت+ مێ | √ | - | بەکارهێنانی وشەکە پەیوەست بە توخمی (مێ)وەو خاڵیکردنەوەی کەسەکە لە ڕێز، بۆ ژنێك، کە لەسەر بابەتێك لەبەردەم کەسێکی گەورەتر، یان بەتەمەنتر قسەبکاتو دەنگبەرزبکاتەوەو پێداگیری لەسەر بابەتەکە بکات. |
| .١٨ | پێو قەدەم ڕەش | √ | - | لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر بۆ بوك بەکاردەهێنرێت، |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تێڕوانینەکە: ئەندام+ داهاتوو | | | یان منالێك، کە دێتەدنیاوەو بە هاتنی روداوێکی ناخۆش روودەدات‌و ئەمەش دەکەنە رەمزی شومی رووداوەکە. |
| ١٩. | پێ‌و قەدەم بەخێر تێڕوانینەکە هەمان خاڵی ١٨ | - | √ | باوەڕبوونی کۆمەڵگای کوردی بە خێرو شەڕ پەیوەست بە تێکەڵابوونی مرۆڤەکانەوە، جۆرە نزایەکی لەم جۆرەی بەرهەمهێناوە. |
| ٢٠. | ناوسکی خوساوەتەوە. تێڕوانینەکە: ئەندام+ سەرمایە | √ | √ | لە هەژاری رزگاری بووە. |
| ٢١. | ندی‌و بدی تێڕوانینەکە: ئەندام+ هەڵسوکەوت/ خانەدانێتی | √ | - | کەسێکی تازە پیاکەوتوی هیچ نەدیو، واتە ناخانەدان. |
| ٢٢. | ئەڵێی نەقشی بەردە | √ | √ | روونوئاشکرایە، چ بۆ کارێکی خراپ، یان باش. |
| ٢٣. | نینۆکی نییە سەری خۆی پێبخورێنێت. | √ | - | 1. دەسەڵاتی نییە هیچ بکات.<br>٢. نەدارو نەبوو. |
| ٢٤. | فێری نقام بووە. | √ | - | واتە کەسێك نەریتێك فێربووبیت، کە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەگونجێت. |
| ٢٥. | نێرە حەیتە | √ | √ | بە کەسێکی جەربەزە دەوترێت. |
| ٢٦. | نێرە بیدۆشە | √ | - | بەیەکێك دەوترێت، کە لەسەر قسەکەی خۆی سوربێت‌و قسەکەشی نابەجێ‌و ناتەواو بێت. |
| ٢٧. | نێرە کوڕکە | √ | √ | بە کچێك دەوترێت، کە کاری کوڕانە بکات. |
| ٢٨. | نینۆکیان کرد. | - | √ | دەسەڵاتیان بڕی، یان تەمێیانکرد. |
| ٢٩. | رۆژێکی لە دونیا نەرۆشتوە. | √ | | گوێ بە دونیا نادات‌و بە تەنگییەوە نایەت‌و بە گەنجی ماوەتەوە. |
| ٣٠. | رۆژان رۆژی لەدوایە. | | √ | خۆشی‌و دەسەڵاتەکان دەگۆڕێن، ئەمرۆ بۆ کۆمەڵ‌و دەستەیەکە سبەینێ بۆ دەستەیەکی ترە. هزری کۆمەڵایەتی لە |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣١. | بەری تەنگانە كورتە. | | √ | هیوابەخشین |
| ٣٢. | خودا دەرگایەك دادەخات، هەزاران دەكاتەوە. | | √ | هیوابەخشینو بڕوابون بە دەسەڵاتی خوداو بەهۆیەوە دڵدانەوەی كەسی هیوابڕاو |
| ٣٣. | تەڕپیر | √ | - | لە كۆمەڵگای كوردیدا، ١. بە كەمبایەخ لە حەزو خولیاو خۆڕازاندنەوەی كەسانی بەتەمەن دەڕوانن، بەڵكو پەسەندكراو ئەوەیە، كە لەو تەمەنەدا خۆی بۆ خوداپەرستی یەكلاییبكاتەوەو بایەخ بە شتە دونیاییەكان نەدات.<br>٢. لە هەندێك مەجلیسدا بە شێوەیەكی ئەرێنی بۆ وەسفی كەسێكی بەتەمەنی ڕێكپۆشو قسەخۆش بەكاردەهێنرێت. |
| ٣٤. | هێشتا زمانی نەپژاوە. | √ | - | بە كەسێك دەوترێت، كە قسەیەكی نابەجێ بكات، ئاوەزمەندێتیو هزری كۆمەڵایەتیی كورد لە بەرجەستەكردنی ئەم دەربڕاوەدا بەستنەوەی خۆڕسكێتیی زمان بە بیرەوەو كامڵێتیی تەمەن بە زمانەوەیە. |

**٣/١ هزری كۆمەڵایەتی لە ئیدیەمو پەندو میتافۆرو دەربڕاوەكانی زمانی كوردیدا**

پەیوەندیی نێوان زمانو كلتورو بیر، یەكێكە لە هەرە بابەتە گرنگەكان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی درككردنی مرۆڤ، لێكۆڵەرەكان لە سنوری سایكۆلۆجیی درككردنی باوداا ئەوەی پێیدەوترێت گریمانەی ورف، بەگشتی جەخت لە سەگمێنتە دیاریكراوەكانی زمان دەكەنەوە، (بۆنمونە فەرهەنگێكی دیاریكراو، یان كەتیگۆرییەكی گراماتیكی دەربارەی پەیپێبردن، پۆلكردن، نواندنی كۆزانیاریی)، ئەگەرچی لێكۆڵەران لەم سنورە زانستییەدا ئەوەیان ڕوونەكردووەتەوە كە چۆن لێكۆڵینەوەی دەستوری كەتیگۆرییەكانی زمان لە دەرەوەی نرخە كلتورییەكەیدا، یان لە كلتورێكی دیاریكراودا جێگیردەكرێت، دواتر زمانەوانیی سایكۆلۆجیی درككردن لە تاوتوێكردنی زماندا بایەخی تەواویان بە دونیای دەرەوەی زمانداو زۆرجار زاراوەی كلتور بە واتای كۆی كۆزانیارییەكان بەكارهێناوە، كە تەنها مرۆڤ لە مێژووەوە بە دەستیهێناوە، ئەم كۆزانیارییانە، كە لە مێژەوە سەبارەت بە دونیاو ئەزمونو ژیانكردنەوە بەدەستهاتووەو وەك چەمكگەلێك لە یادگەی قسەپێكەری زماندا خەزنكراون، هەروەك پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، پەرستن، ڕێزگرتن، كەسێتیی مرۆڤ بەپێی سیستمی كۆمەڵایەتیو كلتوری، توخمی نێرو مێ، نۆرمو ڕەوشتە كۆمەڵایەتییەكان، حاڵەتی سیستمی حكومڕانیو كاردانەوەی لە بیری تاكدا، تەنانەت كەشوهەواو شوێنگەی جوگرافی لە ڕێگەی فۆرمە زمانییەكانەوە بەپێی مەوقیفەكان بەكۆددەكرێن، فۆرمە زمانییەكان لە دوتوێی ئیدیەم، میتافۆرو گوزارشتە نەریتییەكانو دەربڕاوە


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

کۆمەڵایەتییەکاندا، لەو چەشنە کەرەستە زمانییانەن، کە دەبنە داتای بەرجەستەکردنی هزری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا، لێرەدا لە خشتەی (١،٢،٣)دا نمونەی ئەم داتایانە دەخەینەڕوو:*

خشتەی (١) تایبەت بە ئیدیەمەکان

| | میتافۆر وەك فەرهەنگی پراگماتیکیو وەك خوازە | ئەرێ | نەرێ | راڤەکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١. | بەتاڵ: مێشکی/ دڵی بەتاڵە. | - | √ | کەم‌عەقڵیو بێسۆزی |
| ٢. | دونیا: دونیایەك خۆشمدەوێ. | √ | - | زیادەڕۆیی |
| ٣. | هەگبە: هیچ لە هەگبەیدا نییە./ هەگبەی پڕە. | √ | √ | کامڵێتیی ئەزمون |
| ٤. | مشك: گوێ مشك | | √ | گوێ‌سوکیو گوێهەڵخستن بۆ مەبەستی زانینی زانیارییەك، کە بەگشتی نەشیاوو ناپەسەندە لە کۆمەڵگای کوردیدا. |
| ٥. | سەگ: لەو سەگە نزیك مەکەوە. | | √ | کەسێکی ناپەسەند |
| ٦. | بەراز: بەرازخۆر<br>دڵ بەرازە. | | √ | کەسێکی ناموسڵمان، یان مەسیحیو جولەکە، یان بە کەسێکی ناپەسەند دەوترێت.<br>کەسێکی دڵڕەقو بێبەزەیی. |
| ٧. | پشیلە: ئەڵێی پشیلەیە. | | √ | سپڵەو پێنەزان |
| ٨. | ئاسك: هەر ئەڵێی ئاسکە. | √ | | تیژڕەویی، جوانی |
| ٩. | شێر: شێرێکە بۆخۆی. | √ | | ئازایەتی |
| ١٠. | گوڵ: گوڵەکە هات. | √ | | جوانی، پاکی، رێکوپێکی بۆ توخمی مێ |
| ١١. | بازنەیی: دەموچاو بازنەیی | √ | | نزیککردنەوە، بۆ وەسفی جوانیی دەموچاو بە تایبەت بۆ توخمی مێ. |
| ١٢. | لاکێشەیی: دەموچاو لاکێشەیی. هەندێجاریش (دەموچاو پەنجەیی)، لەبری هەمان دەربڕاو بەکاردەهێنرێت. | | √ | نزیککردنەوە، بۆ وەسفی دزێوی دەموچاو بۆ هەردوو توخمی نێرو مێ بەکاردەهێنرێت. |

* لە راڤەکردنی هەندێك لە ئیدیەمەکاندا کەڵك لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:

جەلال محمود علی، ٢٠١٢، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەمو دووەمو سێیەم، بەڕێوبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

عمر شێخ الله علی، ١٩٨٠، پەندی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری راگەیاندن، بەغداد.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣. | درێژ: درێژەکەم بینی. | | √ | زیادەڕۆیی بۆ مەبەستی ناشیرینکردنی کەسێک‌و بێڕێزیکردنی بەکاردەهێنرێت، یان بە مەبەستی خەسڵەتی کەم‌عەقڵیی کەسێک دەردەبڕێت. |
| ١٤. | كورت: بەم باڵا مەترو دە سانتیمیەوە خەریکی چییە؟ ئەم کورتە باڵایە چی پێئەکرێت. | | √ | زیادەڕۆیی، بەستنەوەی هێزو توانای مرۆڤ بە رواڵەتەوە. |
| ١٥. | شاخ: شاخێکە بۆ خۆی. | √ | | بەرگەگرتن‌و هێزو توانای مرۆڤ. |
| ١٦ | کێو: = | = | | = |
| ١٧. | قەل: ئەڵێی قەلە | | √ | بە ١. مەبەستی ناشیرینی، ٢. مەبەستی لەکۆڵنەبوونەوەو دەستبەردارنەبوون‌و بێزارکردن. |
| ١٨. | بە <u>قسە</u> نابێت. | √ | | بڕوانەبوون بە وتن‌و بەڵێندان بە کردار. |
| ١٩. | تۆڵەکە: تۆڵەکەی ناگاتێ | √ | | شتێکی بەبەها، کە نرخەکەی هەرزان بێت. |
| ٢٠. | پارە: پارە هەموو شتێکی پێناکڕێت. | - | √ | ١. بەکەسێک دەوترێت، کە کەمڕەوشت، یان بێ ئیمان بێت. ٢. کەسێکی ناتەندروست‌و نەخۆش، بەو مانایەی لەشی ساغ بە پارە ناکڕڕێت. |
| ٢١. | مەڕ: زمانی لەدەما نییە ئەم مەڕە | | √ | بەوپێیەی کورد کاری ئاژەڵداری کردووە، توانیویێتی سیفەتی ئەو گیاندارانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدەکات، بەتەواوی بناسێتەوەو بە دیوە میتافۆرییەکەیدا لە قسەکردنی ئاساییدا بەکاریبهێنێت، دواتر لە قسەکردنی ئاساییەوە چووەتەناو دەقە نوسراوەکانەوەو لەلایەن رۆشنبیرانەوە بۆ مارکەلێدان لە گەلێکی گوێڕایەڵ بەکارهێنراوە. |
| ٢٢. | | | | |

| ژ. | فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان | ئەرێ | نەرێ | ڕاڤەکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١. | <u>پیاو</u> نەبم بهێڵم ئەم کارەت بەسەرەوە بچێت. | | | بەستنەوەی چەمکی پیاو بە جەربەزەیی‌و ئازایەتی‌و چاوترسێنییەوە. |
| ٢. | نۆبەرەت <u>بەکوڕ</u> بێت. | | √ | بەکەمزانینی مێ‌و نرخ‌و رەواجدان بە نێر. |
| ٣. | <u>دایکت</u>/ <u>خوشکت</u> بمرێ. | | √ | = |



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤. | تەمەنی درێژی بۆ باوکتو براکانت بەجێهێشتبێت. | | √ | = |
| ٥. | بە خوشکی حەوت برا بیت. | | √ | = |
| ٦. | هەرکات ژن بوو بە گەورەی ماڵ دەست لەو ماڵە بشۆ | | √ | = |
| ٧. | ژن هەر ژنە. | | √ | = |
| ٨. | خوا ژنی بە ژن دروستکردووە. | √ | √ | بەمەبەستی جوانیو ناسکی سروشتی ژن. یان بە مەبەستی ژمارە ١-٧ |
| ٩. | ژنو ماڵومناڵیان وتووە. | - | - | تەسککردنەوەی پەیوەندیی ژن بە دونیای دەرەوە. |
| ١٠. | بە تەلاقم | - | √ | بڕیاردانو دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا. |
| ١١. | بە دایکی حەوت کوڕ بیت. | - | √ | هەمان مەبەستی ژمارە ١-٧ |
| ١٢. | خزمەتکارێکتان بووە. | - | √ | = |
| ١٣. | کارەکەرێکتان بووە. | √ | - | = |
| ١٤. | رەقەمی لێبەستراوە./ کەوتووەتە بازاڕاوە. | - | √ | ١. تێڕوانینی کورد بۆ کەسانێك، کە خاوەنی جۆرێك لە بلیمەتی بن، بەجۆرێك ئەو بلیمەتییە وێك نەبێت بە کلتورو بیرکردنەوەی گشتی، بەجۆرێکی دیکە تاکەکانی کۆمەڵگا رێز لە دانایيو زیرەکیی کەسێك دەگرن، کە پڕاوپڕی کلتوری کۆمەڵگا بێت، نەك پێچەوانەی کۆمەڵگا بێت. |
| ١٥. | زۆر ژنانییە. | - | √ | ١. پیاوێك، کە دەوروخولی ژن بدات، ٢. پیاوێك نەرمونیانو ناسك بێت لە قسەکردندا، ٣. پیاوێك هاوکاریی خێزانەکەی بکات، ٤. پیاوێك کاری ناو ماڵ بکات. |

**خشتەی (٣) تایبەت بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان**

هەر یەك لەو فۆرمە زمانییانەی لە خشتەی (١،٢،٣)دا خرانەڕوو، نمونەی بەرجەستەکردنی هزری کۆمەڵایەتییە، لە روانگەی جیاوازیکردنی توخمی (نێرو مێ)وە، ئەندامەکانی جەستەو چۆنێتیی جوڵەو ماناکردنەوەیان پەیوەست بە رەوشتو بەهاو رەفتارو ئایندەوە، چۆنێتیی روانینیان لە خودی مرۆڤو پەیکاڵکردنیان بە دەسەڵاتو چارەنوسەوە، هەروەها روانگەی کورد بۆ باڵندەو ئاژەڵو پەیوەندییان لەگەڵ مرۆڤدا، هەموو ئەمانە، کە پێویستی بە پۆلینکردن خودی هزرەکەیە، دیارخەری پێکەوەبەندیی زمانو هزرو دونیای تاکی کوردە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)	p-ISSN (2410-1036)

لە تەك ئەم فۆرمە زمانییانەی وەك ئیدیەم‌و میتافۆرو دەربڕاوە نەریتییەکان خرانەڕوو، فۆرمی دیکەی زمانی، بەشێوەی وشەو لێکسیم بەگشتی‌و فۆرمە- وشە تابۆکان بەتایبەتی، کە هەڵگری واتای کۆمەڵایەتین‌و لە سنوری سمانتیکی کۆمەڵایەتیدا lexical semantic لێیاندەکۆڵرێتەوە، هەن، هەروەك فۆرمەکانی (ژنانی، پیاو، دۆست، شاتەشات، باجی، کاکە، خاتوون، لەوەڕگا، ئاغا، خزمەتکار، ریشسپی، دێوانە، ...تاد)، هەموو ئەمانە هەڵگری بیرو چەمکی کۆمەڵایەتیی زمانن‌و بە واتا کۆمەڵایەتییەکەیەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، بەو مانایەی، واتا کۆمەڵایەتی‌و کلتورییەکەی، بەشێکە لە واتا فەرهەنگییەکەی.

بەپێی ئەو نمونانەی سەبارەت بە هزری کۆمەڵایەتی‌و کلتوری زمانەوە خراونەتەڕوو، پەی بە چۆنێتی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد دەبرێت لەوەی:

١. چۆن ئەندامەکانی لەشیان بە بەها رەوشتی‌و رەفتارییەکانەوە گرێداوەو بەهای کۆمەڵایەتی‌و کلتوریان لێبەرهەمهێناوە؟
٢. مرۆڤی کورد تا چ ئەندازەیەك هاوڕێیەتی‌و هاوسۆزی لەگەڵ باڵندەو ئاژەڵاندا هەیە؟
٣. ئایا مرۆڤی کورد چۆن پەی بە خەسڵەتە سروشتییەکانی باڵندەو ئاژەڵی بردووەو بە بوارە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستویەتییەوە؟
٤. روانینی مرۆڤی کورد بۆ توخمی نێرو مێ چییەو چۆن ئەم روانینە گۆڕانکاری تێکەوتووە؟
٥. تا چەند بیرکردنەوەی کورد بە بابەتە ئایدۆلۆژییەکان دیسپلینکراوە؟

هەریەك لەم پرسیارانە مایەی چەندان لێکۆڵینەوەی دیکەن سەبارەت بە بەرجەستەکردنی فەلسەفەی هزری کۆمەڵایەتی‌و کلتوری زمانی کوردی.

## ٢. ئایدۆلۆجیا وەك هزرو کاردانەوەی لە وەرگێڕاندا

### ١/٢ زمان‌و وەرگێڕان

زمان داهێنراوێکی مرۆڤە بە ئامانجی وێناکردنی جیهانی دەرەکی لە بیرو زهنی خۆیدا دایهێناوە،[٩] ئەگەرچی لە بارەی سروشتی زمانەوە پێناسەیەکی ترادیشناڵانەیە، بەڵام بەستنەوەی بە دیدگا نوێکانی زانستی زمانەوە، بەرەو ئەوەمان دەبات، کە زمان هەڵگری بیرو ئایدیای کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە، هەر ئەمەشە هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە، ئەم جیاوازییەش تەنها لە رێگەی پێکداچوون‌و کارلێککردنی کلتورەکان‌و تێکەڵبوونی رەگەزیی‌و وەرگێڕانەوە بەرجەستەدەبێت.

هزری کۆمەڵایەتی‌و کلتوریی زمان بەهۆی ئەم پێکداچوونەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت‌و بیرو هزری نوێ دێتەئاراوە، ئەمەش لە سنوری زانستی زماندا بە گۆڕانی واتایی ناودەبرێت، گۆڕانە واتاییەکان ئەوەندەی پەیوەست بێت بەم لێکۆڵینەوەیەوە، گواستنەوەی بیرو هزری فۆرمە کلتورییەکانە بۆ زمانێکی دیکە بەهۆی وەرگێڕانەوەو دیاریکردن‌و دۆزینەوەی تایبەتمەندێتیی بیرە کلتورییەکەیە.

[٩] حوسین یەعقوبی (٢٠٠٧: ٦)


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێرەدا یەکێك لە پرسیارە فەلسەفییەکان دەربارەی ترس لە وەرگێڕان بەیاددەهێنینەوە، ئایا ئەوە وەرگێڕانە فکری غەریبەمان بۆ دەگوێزێتەوەو مرۆڤ لە سەرکوتکردنەکانی رابردووی ئازاددەکات؟ بە جۆرێکی دیکە، وەرگێڕان هۆکارگەلێکی ناچیزەو ناتەندروستە لە هێنانو گوێزانەوەی ئەو بیرانەی نامۆن بە کلتوری زمانەکەو خاوەن زمان وەك کائینێکی خۆپارێز دەترسێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بیرانەدا، لەم روانگەیەوە فرۆید پێوایە هیچ شتێك لە زەیندا غەریبە نییە، مەگەر تەنها بەهۆی سەرکوتکردنەکانمانەوە ببنە غەریبەیەك، شلینگیش بە هەمان شێوە دەڵێت: شتە ئاشناکان بەهۆکاری سەرکوتکردن دەبنەوە غەریبەیەك، لێرەوە وەرگێڕانی بینیامینی باس لە چۆنێتیی ئەزمونکردنی ئەم غەریبەیە دەکات، چونکە لای بینیامین هەمیشە وەرگێڕان دەچێتە نێو پانتاییەکەوە، کە بە پانتایی قەدەغەکراو دەبەسترێتەوە،[10] ئەم پرۆژە وەرگێڕانەی بینیامین، ئەو پرسیارەمان لا چێدەکات، کە تەواو پێچەوانەی دیدگەی بینیامینە، هەروەك ئەگەر گواستنەوەی کلتوری زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم مایەی ترس بێت، ئایا خۆ-زمانی لە گواستنەوەی بیری کۆمەڵایەتیو کلتوری بۆ زمانی دووەم دەترسێت؟ ئایا وەرگێڕەکانمان تا چەند بایەخیان بە گواستنەوەی ئەم بیرە غەریبەیە بۆ زمانی دووەم داوە؟ بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەستەبەربکەین، دەبێت دژیاری ئەو گروپە زمانناسە بین، کە پێیانوایە وەرگێڕان (بە وەکیەکیو گونجاندنی پێکهاتەی ڕێزمانیو واتایی هەردوو زمانەکە دەکرێت)[11].

بۆ سەلماندنی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، پشت بە خستنەڕووی تۆڕی واتایی وشەو دەستەواژێلەکان دەبەستین.

## ٢/٢ ئایدیۆلۆژیای زمانیو وەرگێڕان

سەرجەم فکرو باوەڕەکان، چ دینی بێت، یان نادینی، یان کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو کلتوریی، تەنانەت جوانناسیش بەپێی ویستو ئارەزووی کۆمەڵگا دەچێتە قاڵبی ئایدۆلۆجیاوە، چونکە ئایدۆلۆجیا هەر بیروباوەڕو هزرو ڕێبازێکە، کە کۆمەڵگا پەیڕەوی بنەماکانی دەکەنو لە هەڵسوکەوتیاندا ڕەنگدەداتەوە، بەمەش ئایدۆلۆجیا ئەو سیستەمو قاڵبە نەریتییەیە، کە ئاوەزی مرۆڤ سنوربەنددەکەن، هەربۆیە دەوترێت ئایدۆلۆجیا قفڵکردنی دەرگای بیرکردنەوەی مرۆڤە، نمونەی ئەم نەریتو ڕەوشو پرانسیپانە بەگشتی لە پیرۆزکردنی شتەکان، جیاوازیی نێرو مێ، شێوازی سڵاوکردنو ڕێزگرتن، بڕوابوون بە ئازادیی مرۆڤ یان کۆیلەبوونو گوێڕایەڵی، ڕوانینی کۆمەڵگا بۆ جوانی، باوەڕبوون بە تۆڵەسەندنەوە، دوژمنایەتی، یان لەخۆبوردویی، حەرامو حەڵاڵ، دەبینرێتەوە.

هەڵبەت گشتێتیی ئەو پرانسیپە ئایدۆلۆجیانە لە زمانو بەکارهێنانە زمانییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، تا چەند توانراوە ئەم پرانسیپانە بەهۆی وەرگێڕانەوە وەك وەها بیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بۆ زمانی دووەم، یان سێیەم بگوێزرێنەوە، ئایا تا چەند لە ڕادەی نزیکیو دووریی کلتورەکانمان کۆڵیوەتەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرسیارە، پشت بە کەرەستە زمانییەکان چ کرۆکەواتا، یان توێکڵەواتاو میتافۆر بێت، دەبەستین.

---

[10] پێشڕەو ئەحمەد(٢٠١٤: ٥٤-٥٥)

[11] حوسین یەعقوبی (٢٠٠٧: ١٠)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**یەكەم/ فۆرمە زمانییەكان تایبەت بە ئایدۆلۆجیای دینی**

كلتوری ئیسلام بە تایبەتیو كلتورە ئاینییەكانی دیكە وەك (مەسیحی، جولەكە، ئەهلی حەقو..) بەگشتی، هۆكاری بەرهەمهێنانو بەكۆدكردنی كۆمەڵێك فۆرمی زمانین، هەندێك لەو فۆرمانە پەیوەستن بە ئاینەكەوەو هەندێكی دیكەیان بەهۆی پیرۆزیو عەقیدە دینییەكەوە هاتووەتە بەرهەم.

| كوردی | عەرەبی | تێبینی |
|---|---|---|
| حەج | حج | وەك زاراوەیەك تایبەت بە ئاینی ئیسلام |
| نوێژ | صلاە | |
| دەستنوێژ | وڤوو | |
| زیارەتكردن | زیارە | |
| سەدەقە | صٓدقە | |
| بەرات | | |
| قوربانی | أچحیە | |
| رەمەزان | | |
| دەستنوێژشكاندن | | |
| مەحرەم | | |
| نامەحرەم | | |
| رەجمكردن | رجم | |
| جەڵدلێدان | | |
| جن لە لەش دەركردن | گرد الٓرواح | كلتورێكی ئاینییەو تێگەیشتنی كۆمەڵایەتیانەیە بۆ كلتورە ئاینییەكە. |

هەڵبەت سەرچاوەو سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام بۆ نەتەوەی عەرەب دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە لەڕووی زاراوەییەوە زۆرینەی وشەكانی سەر بە زمانی عەرەبینو ئەوانەش، كە بۆ زمانی كوردی وەرگێڕاون، دیسانەوە وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی هیچ كەلێنو بۆشاییەك دروستناكات، بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی، یان فۆرمی وشەكە بە هەمان واتاوە دادەنرێتەوە، یان بۆ دۆزینەوەی فۆرمێك، كە هەڵگری هەمان واتای زاراوەیی بێت لە زمانی دووەمدا، گرفت دێنێتەئاراوە، هەڵبەت هۆكاری ئەمەش بۆ باڵادەستیی ئایینی مەسیحو جولەكە لە رۆژئاوا دەگەڕێتەوە.

هەندێكی دیكە لە وشەو دەربڕاوەكان، لە ئەنجامی بڕوابوون بە ئایینەكە وەك نەریتو پیرۆزییو پەیڕەوكردنی نەریتەكە هاتوونەتەئاراوە، كە وەرگێڕانیان بۆ زمانی دووەم، یان سێیەم گرفتی واتایی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێدەکەوێتەوە، هەروەك بڕوابوون بە زیارەتکردن بۆ بەدیهێنانی مەرام، چۆنێتیی تێگەیشتن لە ئایینەکە سەبارەت بە توخمی نێرومێو بوونە بەشێك لە کلتورەکە، چۆنێتیی تۆڵەسەندنەوەو لێخۆشبوون، بڕوابوون بە قەزاوقەدەر...تاد. بۆنمونە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاتێك ژنێك لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوەو دواتر ڕێکدەکەونەوە، ئەوا بەپێی تێگەیشتنو خوێندنەوەی لەرووی شەرعییەوە دەبێت بە پرۆسەیەکدا تێپەڕببێت، کە بە (مارەبەجاش) ناودەبرێت، تێپەڕبوون بەم پرۆسەیە، پێویستیو ناچارییەو پێویستە تاك پێوەی پەیوەست بێتو پەیڕەویبکات.

دووەم/ فۆرمە زمانییەکان تایبەت بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیو کلتوری

ڕەهەندی کۆمەڵایەتیو کلتوریی کۆمەڵگای کوردی بەم خاڵانە دەستنیشادەکەین:

١. چۆنێتیی ڕێزگرتن لە خود
٢. چۆنێتیی پەیوەندیی خێزانی
٣. چۆنێتیی ژنوژنخوازی
٤. چۆنێتیی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ نێرو مێ
٥. ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئەوانی دیکە
٦. باوەڕبوون بەسەربەخۆیی تاك
٧. قبوڵکردنی ڕای جیاواز
٨. بایەخدانو پەیبردن بە گرنگیی کات
٩. بەڵێن جێبەجێکردن
١٠. بۆنە کۆمەڵایەتییەکان
١١. هاوسۆزیی بۆ زمانو نیشتمانو نەتەوەو پاراستنی

| | کوردی | عەرەبی | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | منداڵی سەرجادە | أولاد الشوارع | وەك هەجوو بۆ تانەلێدان لە کەسێك، کە ڕەوشتی پەسەند نەکراوبێت لای بەرامبەر. |
| ٢. | چاوباشقاڵ<br>پیاوێکی چاوباشقاڵە.<br><br>چاوبەل<br>ژنێکی چاوبەلە. | عیونە برة<br><br>ــــــ | بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ نێرەو بەمانای تامەزرۆیی پیاوە بۆ توخمی مێ.<br>بەکارهێنانی بۆ توخمی (مێ)یە، بە کەسێك دەوترێت کە تامەزرۆیی بۆ توخمی بەرامبەر هەبێت. |
| ٣. | چاولەدەر<br>سەربەدەرەوە | عیونە برة | بۆ توخمی مێ بەکاردەهێنرێت، بەجۆرێك کە بەردەوام حەزی |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | بەدەرەوە بێت، زۆرکات بە سەربەدەرەوە ناودەبرێت. |
| ٤. | سەرەڕۆ | متهور | بۆ هەردوو توخمی نێرو مێ بەکاردەهێنرێت. |
| ٥. | بەدناو | سيرته موزينة | |
| ٦. | بێدەموپل نەدو | ثولة | بێدەموپل لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نەرێیە، بەڵام نەدو ئەرێییە. |
| ٧. | بێزمان | ثولة ، أثول | بۆ کەسێك کە: ١. توانای بەرگریکردن لە مافی خۆی نەبێت. ٢. سەلیقەو ئەتەکیەتی قسەکردنی نەبێت. |
| ٨. | ساویلکە | فطير ، فطيرة | بە کەسێکی کەم‌عەقڵ یان بێمێشك ئەوترێت. |
| ٩. | شەقاوە | شقاوة | |
| ١٠. | شەرواڵ لەپێ | معيدي ، شروگی | بە چەمکی لادێی بۆ کەسێك بەکاردەهێنرێت. |
| ١١. | شەرواڵپیس | أخلاقسز | تەنها بۆ توخمی نێر بەکاردەهێنرێت. |
| ١٢. | داوێنپیس | أخلاقسز | بۆ هەردوو توخمەکە بەکاردەهێنرێت. |
| ١٣. | قودوم پیس | بومة ، شومة | |
| ١٤. | چەتە | عصابة | ڕێگریکردنو گیرفان رووتانەوەی خەڵك. |
| ١٥. | جەردە | قطاع الطرق | |
| ١٦. | کوڕی دایکێتی | إبن أمة | بەمەبەستی ئەرێنیو نەرێنی بەکاردەهێنرێت، بەڵام پەیوەست بە کلتورەوە پتر بە چەمکە نەرێنییەکەی بەکاردەهێنرێت، بۆ بچوککردنەوەی کەسێتی قسەلەسەرکراوەکەیە، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەو کوڕانەی سیفەتێکی نەشیاویان هەبووبێت، زۆرکات بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکردووە. |
| ١٧. | کوڕی باوکێتی | إبن أبوه | زۆرینەی کات بۆ شانازیکردنە. |



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١٨ | | - | |
| .١٩ | سەربەرزق | مرزوق | |
| .٢٠ | سەرەخۆرە | شوم | |
| .٢١ | رووبازاڕیی | جميلة/ جذابة | تەنها بۆ مێ بەكاردەهێنرێت. |
| .٢٢ | باوەژن | مرة أب | |
| .٢٣ | عەقڵ‌سوك | فطير | |
| .٢٤ | بودەڵە | صعلوك | بۆ كەسێكی كەسێكی لاوازی ترسنۆك بەكاردەهێنرێت، كە چاوەڕێی كاری سەختو باشی لێناكرێت. |
| .٢٥ | فیڕنەگولە | زعطوط | پتر بۆ كەسی پچوكو كەسێك كە چاوەڕیی كاری سەختی لێنەكرێت بەكاردەهێنرێت. |
| .٢٦ | كەڵەگا | بلطجي | كەسێك كە دەسەڵاتی خۆی بەسەر كەسێكدا یان شوێنێكدا بسەپێنێت. |
| .٢٧ | دڵڕەش | حاقد | |
| .٢٨ | دەمڕەش | تطوة | |
| .٣٠ | تەڕپیر | روحة خضرة | |
| .٣١ | شەولەبان | محدلة/ محدلة السطوح | |
| .٣٢ | شەوچەرە | تمتوعة | |
| .٣٣ | دێوزمە | عفريت | |
| .٣٤ | ناكەسبەچە | نغل | بە كەسێك كە چاوەڕیی رێزو هاوكاریكردنی لێنەكرێتو لەسەر ئەو چاكانەش كە ئەیكات دەیلێتەوەو ئەوەش كە چاكەی لەگەڵ دەكات لەبەرچاوی نییە، دەوترێت. |
| .٣٥ | زاوارۆ | قعيدي | كلتورێكی كۆنی پرسەی كوردە. |
| .٣٦ | نوشتەلێكراو | مسحور | |
| .٣٧ | نوشتەچی | مُلا | |
| .٣٨ | مەلعون | ملعون | |
| .٣٩ | لەبەرچاو رەشكراو | ـ | |
| .٤٠ | خلافاو | خِرف | |



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١. | دەمپیس | لسانة زفر | |
| ٤٢. | نان‌و دۆبڕ | قاطع الأرزاق | |
| ٤٣. | چاوبەل | عیونة برة | |
| ٤٤. | دەمشڕ | مو کتومة ، فطیرة | ڕاڤەکراوە |
| ٤٥. | پێڕەش | تطوة | |
| ٤٦. | بەختڕەش | حظة سودة ، منحوس | |
| ٤٧. | پێ‌و قەدەم بەخێر | مرزوق | |
| ٤٨. | سوخۆر | مرابي | |
| ٤٩. | حەرامخۆر | غشاش، فاسق | |
| ٥٠. | ماڵبەکۆڵ | متنقل | |
| ٥١. | پەیوەندی شەرعی | علاقة شرعیة | |
| ٥٢. | پەیوەندی ناشەرعی | علاقة غیر شرعیة | |
| ٥٣. | تۆڵەسەندنەوە | ثار | |
| ٥٤. | پیسخۆر | دنيْ | |
| ٥٥. | عارەقخۆر | یشرب | |
| ٥٦. | سەربەدەرەوە | ـــ | لە ژمارە ٣ دا ڕاڤەکراوە |
| ٥٧. | دەمەوەر | ثرثارة ، حَضایا | ڕاڤەکراوە |
| ٥٩. | لادەر | منحرف | |
| ٦٠. | دووژنە | ـــ | |
| ٦١. | بێ بن | مفتوح | |
| ٦٢. | ڕوسور | عفیف ، عفیفة | |
| ٦٣. | شیربا/ شیربایی | حق الرضاعة | |
| ٦٤. | مارەبەجاش | مُحلل | |
| ٦٥. | گەورە بە بچوک | ـــ | کلتورێکی کوردە، مناڵی مەلۆتکە لە توخمی مێ لە کوڕێکی گەورە مارەدەکرێت. |
| ٦٦. | ژنبەژن | طصة بطصة | |
| ٦٧. | زۆڵ | غیر شرعي ، ضال | |

فۆرمەکانی زمان، پتر فۆرمە نەریتییەکان هەڵگری چەمکی کۆمەڵایەتی‌و کلتورین، وەك بەشێك لە ئایدۆلۆجیای کۆمەڵگا لێدەڕوانرێت‌و تاك هەم بەکارهێنەرێتی، هەم پەیڕەوکەرێتی، بۆنمونە لە پرسەداریدا،


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەسەرکردنەوەو دڵنەواییکردنی خاوەن پرسەیە، بریتییەلە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی‌و پێویستە جێبەجێبکرێت، گەورەو بەرپرسی ماڵ هەرگیز ناتوانێت لەم ئەرك‌و نەریتە کۆمەڵایەتییە خۆی بەدووربگرێت، یاخود لە بابەتی ژنوژنخوازیدا کۆمەڵێك عورفی کۆمەڵایەتی هەیە، کە پێویستە پەیڕەوبکرێت. نمونەیەکی دیکەی هزری کۆمەڵایەتی‌و سەپاندنی بەسەر بیرکردنەوەی گشتدا وەك ئایدیایەك بوونی چەمکی (پیاو) بە واتای (دەسەڵات، خاوەنداریێتی، پارەدار، بۆنمونە لە دەربڕاوێکی وەك (خۆی چاك پێگەیاند، بوو بە پیاو.) مەبەست لە گواستنەوەی چەمکی پارەداریێتییە، نەك شتێکی تر، هەڵبەت چەندان نمونەی دیکەش، کە لە خشتەکانی (٤،٥،٦) خراونەتەڕوو وەك ئایدۆلۆجیای کۆمەڵایەتی‌و کلتوری لێیدەڕوانرێت.

سێیەم/ ئایدۆلۆجیا لە سنوری سیاسەتدا

چۆنێتیی حکومڕانی لە کۆمەڵگای کوردیداو مامەڵەکردنی تاك لەگەڵ ئەو سیستمە حکومڕانییە، لە کۆنەوە تا ئێستا مایەی بەرهەمهێنانی چەندین فۆرمی زمانی بوون، لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی فرە حزب‌و ڕەنگی جیاواز بەڕێوەیدەبات، هەر یەك لەو حزبانە بەپێی دۆستایەتی‌و ڕێککەوتنیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك چەمکی جیاوازن، لەلایەکی دیکەوە، حزبە ئیسلامییەکان بەپێی گرتنەبەری ڕەوت‌و مەزهەبە جیاوازەکان، بە هەمان شێوە هۆکاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك چەمکی تایبەت بەخۆیانن، هەروەك (ریشنەکان، شەرواڵکورتەکان، بیجامەلەپێ، سەربڕەکان،...).

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| کۆیلە | عبد ، رق | |
| ئەڵقەلەگوێ | مرتزق | |
| نۆکەر | خادم | |
| مەسینەهەڵگر | متملق | |
| ماستاوچی | متملق ، لوگی | |
| گەندەڵ | فاسد | |
| چەواشەکار | غشاش | |
| شەرواڵکورت | | |
| ریشنەکان | | |

خشتەی (٦)*

* تێبینی/ ئەو خشتەیەی ڕەنگی سورکراوە، وێکنەبوونی چەمکە کوردییەکەیە لەگەڵ چەمکە عەرەبییەکە، کە وەرگێڕە کوردەکان بەم وشانە وەریانگێڕاوە، ئەو خشتانەش کە بە بۆشایی هێڵراونەتەوە، نەبوونی وشەیەکە بە عەرەبی کە پڕاوپڕ چەمکە کوردییەکە بگوێزێتەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٣/٢ سكێمای وێنەیی و ئینسكلۆپیدیای هزری كۆمەلآیەتیو كلتوریی فۆرمە زمانییەكان

هەر یەك لە نمونەكانی خشتەی (٤،٥،٦)، هەلگری كۆدێكی كۆمەلآیەتیو كلتورین، كە بریتییە لە پێكهاتەی هزریی وشە، یان دەربڕراوەكە، ئەم كۆدە لە كاتی وەرگێڕانیدا پێویستە بە كۆدێكی هەمبەر بە هزرەكە بشكێنرێت، واتە گوێزەرەوەی ئایدیای كۆمەلآیەتیو كلتوری لۆكالیی وشەكە بێت، ئەم ئایدیا لۆكالییە، بریتییە لە ئینسكلۆپیدیای فۆرمە زمانییەكە، كە بنەمای دروستكردنی سكێمای وێنەیە لە ئاوەزی تاكدا.

سكێمای وێنە image schemas لە ئاوەزی تاكدا بەگشتی پشت بە شوێنو كاتو جولە دەبەستێت، كە دەبێتە بنەمای لێكدانەوەو تێگەیشتن لە چەمكی وشەو دەستەواژەو دەربڕاوەكان، چونكە بەراییە شوێنییەكان spatial primitives یەكەم خشتی پێكهاتەی چەمكییە، كە سكێماكانی وێنەی لێوە دروستدەبن، دواتر بەرایی شوێنیو سكێمای وێنە بە پێكهاتە چەمكییە ناشوێنییەكانەوە لەحیمدەكرێت، كە ئەمەش بە لەحیمكردنی سكێماكان schematic integrations ناودەبرێت، كە هێزو جولەكان دەگرێتەوە، زۆرجاریش ئەم سێ جۆرە لەژێر چەتری زاراوەی سكێمای وێنەكاندا كۆدەكرێنەوە.[١٢]

جۆنسۆنو لاكۆف، پێكەوە لە ١٩٧٨ لە كتێبەكەیاندا زاراوەی سكێمای وێنەیان داهێناوە، ئەوان بەپێچەوانەی پارادیگمی بابەتگەراییانەوە، پێیانوایە سروشتی چەمكە ناپرۆزەیشنەكان، ئەنالۆجیانە لە هەستە ئەزمونییەكانەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەوەی لەم بۆچوونەدا دەبێتە جێگەی مشتومڕ، ئەوەیە كە جیاوازیی ناكەن لەنێوان ئەو زانیارییانەی دەربارەی جیهانو رەگوڕیشەی لە پەیبردنو جولەكانەوەیە، لەگەڵ هەستە ناوەكییەكان، كە كردەو جولەكان دەگرێتەوە، بەلكو بەبێ جیاوازیو یەكسانی، باسی رۆلیان لە بیردا كردووە، هەموو ئەمانەش بە زاراوەی (بەجەستەكردن) ناودەبەن، ئەم بەجەستەكردنە ئەنجامی هەموو ئەو بیرانەیە كە تاك دەربارەی دونیا لە رێگەی بەشە جیاوازەكانی ئاوەزەوە هەلێدەهێنجێت، وەك جۆر، رەنگ، قەبارە، كێش، ئاڕاستە، جولە، بەش، گشت...تاد، ئەمەش وادەكات سكێمای وێنە هەلگری هەمان كۆزانیاریی رێكخراوەییەكان یان ئەو كۆزانیارییانەی لە یادگەدا تۆماركراوە نەبێت.[١٣]

گیبسو كۆلستۆن بەگشتی سكێماكانی وێنە بە ئەنالۆجیی داینەمیكی دەناسێنن، كە پەیوەندییە شوێنییەكانو جولەكان لە شوێندا دەنوێنن، تەنانەت سكێماكانی وێنە لە پەیبردنو تێگەیشتنو هەستەكانەوە هەلدەهێنجرێن، نەك لە خودی هەستكردنەكانەوە، هەروەها ئەو بۆچوونەش پەسەنددەكەن، كە سكێماكانی وێنە لە تێكردە بەرفراوانە هەمەچەشنەكانی یادگەوە ساختومان دەكرێت.[١٤]

تیاهەلگر، رێڕەو، هێز، بەش-گشت، ژینگەی دەرەكی، لینك، هەموو ئەمانە بریتین لە سكێماكانی وێنە، ئەمەش ئەو پرۆاتاو تەرزە دینامیكییانەن، كە هەموو رۆژێك لە كردەو بیرەكاندا دوبارەدەبنەوەو رێگەمان پێدەدات بۆ دروستەی ئاوەزیی ئەزمونەكانو پەیبردنەكانمان، هەلبەت وشەو دەستەواژەو كۆی دەربڕینەكانی زمان چ لە

---

[12] Mandler & Canovas (2014: 1-2)
[13] Velasco, O.I. D, (2001: 47-49)
Santibanez. F, (2002: 183-185)
https://pdfs.semanticscholar.org/1334/04573f2e93739d17037f7f54eaf91fa7a71f.pdf
[١٤] Mandler & Canovas (2014: 2)

بەکۆدکردنو چ لە کۆدلێکدانەوەدا، بەپێی ئەم سکێما وێنەییانە ڕوودەدات، ئەگەرچی لێکۆڵەران لەم بوارەدا لەسەر ئاستی ئاوەزییانەی تاکو دەربڕینی ڕستەکان لە بەچەمککردنی ڕێزمانو واتادا جەخت لەم سکێمایانە دەکەنەوە، هەروەك جاکاندۆفو لانگەکارو لاکۆفو تالمای، لە هەمانکاتدا ئێمە دەیکەینە بنەمایەك بۆ چەسپینو تێگەیشتن لە هزرە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان.

بۆ چۆنێتیی بەکۆدکردنو کۆدلێکدانەوەی وشەو ڕستەو دەربڕاوەکان لە چوارچێوەی بیرو چەمکە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکەدا، دوو جۆر هزر دیاریدەکەین:

١. هزری چەسپیو/ وەکیەکیی بەکۆدکردنو کۆدلێکدانەوەیەتی لەلایەن نێرەرو وەرگرەوە، سکێمای وێنەو وێنەی ئاوەزی لە مێشکی بەکارهێنەردا هەڵگری یەك خەسڵەتی وێنەییەو پشت بە هۆکارو دەوروبەری بەرهەمهێنانی وشەو ڕستەو دەربڕاوەکە نابەستێت، هەروەك (لەبەرچاوڕەشکراو، بودەڵە، بەخت‌ڕەش، چاولەدەر، لەخشتەبردن ..تاد ).

٢. فرە لێکدانەوەی هزریی/ کۆدکردنو کۆدلێکدانەوەی ئەم وشانەو بەکارهێنانی لە ڕستەو دەربڕاوەکاندا بەپێی دەوربەری بەرهەمهێنانەکە دەگۆڕێت، چونکە بەستەرە واتاییەکانی ئەم وشەو دەستەواژانە سکێمای ئاوەزیی جیاوازیان لە مێشکدا پێکهێناوە، کە بەگشتی ئەم سکێمایانە دەبنە بنەمای بەرهەمهێنانی فرەواتاو میتافۆر لە زماندا.

وشەکانی (زۆڵ، پیاو، منالآنە، ناسکۆڵە، ...تاد) لە نمونەی ئەم جۆرەن، بڕوانە جیاوازیی بەکارهێنانی چەمکی پیاو لە ڕستەکانی (٢أ، ب)دا، ئاوەزدارێتیی تاکی کورد بۆ بەکۆدکردنی (٢أ) چاکەو چاکەکردنە، لە (٢ب)دا لەتەك کۆدی پێگەیاندندا بۆ (پارەدارێتیی)یە نەك (ژیرمەندێتی).

٢.أ. گاڵتەی پێناکرێت، پیاوی کوڕی پیاوە.

ب. چاك خۆی پێگەیاند بوو بە پیاو.

جانسۆن پێیوایە سکێمای وێنە کار لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی ئاوەز دەکات، کە دەکەوێتە نێوان دروستەی ناواخنی ئەبستراکتو وێنەیەکی بەرجەستەی دیاریکراوەوە، ئەم بۆچوونە بە بۆچوونی مۆدێلی ئینسکلۆپیدیای چوارچێوەی سیمانتیکیی فیلمۆرو مەوداکانی لانگەکارەوە دەبەستینەوە، بەجۆرێك (کۆی چەمکەکان لە ناواخنی وشەیەکدا پەیوەستە بە تۆڕی کۆزانیارییەکان پەیوەست بە بەکارهێنانو پێکەوەهاتنی لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەداو دەرخستنی سەرجەمی واتای وشەیە لە دەقدا)[١٥]، بۆنمونە ئینسکلۆپیدیای چەمکی (زۆڵ) لە چوارچێوەی سیمانتیکیدا، پەیوەستە بە بابەتگەلێکی گرێدراو بە چەمکە بنەڕەتییەکەیەوە، هەروەك (دەستبڕین، لە خشتەبردن، فێڵکردن، منالّی ناشەرعی، بێباوك، زۆرزان،...):

٣. أ. ئەو زۆڵە دەستی چەندین کەسی بڕیوە. (خراپەکار)

ب. نیوەی منالّ لە فلیمە تورکییەکاندا بێباوكو زۆڵن. (منالّی ناشەرعی)

ت. ئەو زۆڵە پەڕەی سپی ئەخوێنێتەوە. (زۆرزان)

---

١٥ نالی ئەدهەم غەریب (٢٠١٦: ٤٦-٤٧)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یاخود تۆڕی سیمانتیکیی وشەی (باش) لە زمانی کوردیدا بریتییە لە کۆی تۆڕی واتایی وشەکە لە تەك چەمکی ئەو وشانەی، کە واتای چەمکی (باش) دیاریدەکەن:

٤.أ. کەسێکی باش نییە.

ب. کچێکی باش نییە.

ت. کوڕێکی باش نییە.

پ. برنجێکی باش نییە.

ج. مامۆستایەکی باشە.

ح. وەستایەکی باشە.

خ. پزیشکێکی باشە.

چەمکی (باش) لە تەنیشت هەر وشەیەکی ترەوە، چەمکە مەبەستەکە ڕووندەکاتەوە، هەروەك لە (٤أ)دا بەگشتی هەر یەك لە ڕەوشتو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆجی دەگرێتەوە، بەڵام پەیوەست بە ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەتەك (نێرو مێ)دا چەمکەکە دیاریکراوتر دەگوێزێتەوە، هەروەك لە (٤ب)دا تەواو مەبەست لە ڕەوشتو ئاکارو شەرەف، لە (٤پ)دا مەبەست لە عەقڵو ژیرییە، کەچی لە تەك پیشەدا، ئەگەرچی چەمکەکە دەگۆڕێت بۆ هەڵسەنگاندنی پیشەییانە هەروەك لە (٤ح،خ)دا مەبەست لە کارامەییو سەرکەوتوویی خاوەن پیشەکەیە، بەڵام لە (٤ج)دا جگەلە هەڵسەنگاندنو نرخاندنی پسپۆڕێتیی (مامۆستا)کە، چۆنێتیی ڕەفتارو هەڵسوکەوتیش بۆ بەرامبەر دەگوێزێتەوە. هەمان چەمك لە تەنیشت خواردندا، جۆرێتی دەگرێتەوە، لە بەکۆدکردنی هەر یەك لەم چەمکانەشدا دیدو تێڕوانینی کۆمەڵگا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیی هەیە، ئەمەش جەخت لەو بۆچوونەی زمانەوانیی درکپێکردن دەکاتەوە، کە (لەبەکۆدکردنی واتادا تەنها زمان سەرپشك نییە)[16]، لای زمانەوانانی درکپێکردن، هەر پەیوست بە پراگماتیکی درکپێکردنەوە ئەم جۆرە چەمکانە بە مەودا دیارینەکراو ناودەبرێت، کە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی پراگماتیکی.*

مرۆڤ چۆن درك بە شتو ناشتەکان دەکات، ئەم چۆنێتیی درککردنە لە ڕێگەی (جوڵە، قەبارە، ئاڕاستە، ڕێڕەو، هێز، هەمەچەشنی، شوێن، کات) بەدەستدەهێنرێت، بۆنمونە سکێمای ئاوەزی کەسێك بۆ دەرکردنی ڕستەیەکی وەك (٥) شوێنو ڕێڕەوو هێزە، بەجۆرێك قسەکەر سەرچاوەی نەهامەتییو بێزارییەکانی خێزانەکەی بۆ هێزێکی خورافیاتی کلتوریی وابەستە بە خزمایەتیو بوونە ئەندامی خێزانەکەیان دەگەڕێنێتەوە.

٥. هەر ئەم پێ ڕەشە هاتە ماڵمانەوە، قڵپبووینەوە.

لێرەوە، فراوانتر چەمکەکانی جانسۆن بەکاردەهێنین، بەوەی شوێن لە پنتێکی دیاریکراوەوە فراواندەکەین بۆ شوێنی فیزیکیو نافیزیکیی کلتوری، هەروەك تاك پەیوەست بە چ شوێنێکی کلتورەوە چەمکی (پێ ڕەش) بەرهەمدەهێنێت، ئەمەش هەستێکی هاوبەشی کلتورییە.

[16] Evans V. & Green M (2006, 162-163)

* بۆ زانیاری دەربارەی مەودا دیارینەکراوو بەرهەمهێنانی چەمکی پراگماتیکی فەرهەنگی، بڕوانە بەشی دووەمی تێزی دکتۆرای تریفە عومەر ئەحمەد.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شوێن بەپێی وێناكردنی چەند جۆرێك دەگرێتەوە:*

١. شوێنی یۆتۆپیایی
٢. شوێنی گریمانەكراو
٣. شوێنی فەنتازیایی
٤. شوێنی بابەتیانە
٥. شوێنی تاك-ڕەهەندانە

بەشێكی فیچەری شوێنی گریمانەیی‌و یۆتۆپی‌و فەنتازی لە نافیزیكیی هزرو خەیاڵەوە هەڵدەهێنجرێت‌و بەهۆی فیچەری فیزیكیی كردارەكانەوە ڕێڕەوەكانی دیاریدەكرێت، بۆنمونە ڕستەیەكی وەك (ئەو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دێتە ناو دڵمەوە.) بەرجەستەی ئەم جۆرە شوێنە دەكات.

هەر سكێمایەك كۆمەڵێك كردەی هەیە، كە تواناكەی دیاریدەكات، بۆنمونە كردە بۆ سكێمای تیاهەڵگرێكی بنەمایی بریتییەلە دانانی ماتریاڵەكان‌و گۆڕینی بۆ تیاهەڵگرێك‌و دەركردەی ماتریاڵێك، هەروەها هەر سكێمایەك كۆمەڵێك دەریچەی ناوەكی هەیە، كە ئەركەكەی هاوتایە بە ڕۆڵی چەمكی دۆخی ڕێزمانی، ئەم دەریچانە ڕێگە بە سكێماكان دەدات بۆ بەستنەوەو پەیوەندیی دروستكردنی لەگەڵ هەر یەك لە نرخی دەریچەكانی تردا، بۆنمونە دەكرێت ناوەڕۆكی تیاهەڵگرێك سكێمای وێنەكانی تر بێت، ئەم ناوەڕۆكی تیاهەڵگرە، خۆڕسكیانە دەبێتە بنەمای تێگەیشتن.

٦. أ. ئەم مناڵە زۆر بێدەموپلە.

ب. زۆر ئەم مناڵە بێدەموپلە.

ت. ئەم پیاوە زۆر بێدەموپلە.

٧.أ. ئیتر زمانی لە دەما نییە، دوو قسەبكات.

ب. ئەم بێزمانە هەر حەقخوراوە.

٨.أ. هەروا كەسێكی نەدوە.

ب. بێدەمپل‌و نەدوە.

هەریەك لە (بێدەموپل، بێزمان، نەدو)، سێ تیاهەڵگری جیاوازی سێكێماكانی وێنەن، كە هەڵگری كۆی چەمكی شوێنی كلتورین، وێنە چەمكییەكان بۆ هەر سێ وشەكە لە هەڵهێنجانی هەبوونی فیچەری سروشتی‌و كلتوری (ئاژەڵ، مرۆڤ) پەیوەست بە (هێز، شوێن، كات، دەریچە، بەها )وە بەدەستدەهێنرێت، دەبێتە مۆركی تێڕوانینی مرۆڤی كورد، نرخی دەریچەكان، كە پەیوەستەگیی ناوەكیی ڕێزمانی كەرەستەكان دەنوێنێت، لە نێوان ڕستەكانی (٦)، (٧)، (٨)دا چەمكە ڕێزمانی‌و واتاییەكانی هەر سێ وشەكە لە ڕێگەی دەریچەكانەوە لێكدەدرێتەوە، هەروەها جیاوازیی ئاماژەیی‌و ئاماژەبەندیی دركپێكردنی هەریەك لە وشەكان بۆ چۆنێتیی دروستكردنی سكێمای

* لە دیاریكردنی جۆرەكانی شوێندا كەڵك لە سەرچاوەی: سەباح ئیسماعیل، ٢٠٠٩، چەمك‌و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ‌و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وێنەكان دەگەڕێتەوە، چۆنێتیی دروستكردنی ئەم سكێمایانە بنەمایەكی بەبڕشتو پڕواتان بۆ وەرگێڕان لە زمانی كوردییەوە بۆ زمانی دووەم، یان سێیەم.

## ٤/٢ سكێمای وێنەیی و وەرگێڕان

سكێمای وێنەیی لەسەر دوو ئاست بونیاتدەنرێت:

یەكەم/ لەسەر ئاستی تاك

ئەزمونكردنی دونیاو شتەكانی چواردەور لە ڕێگەی هەستەوەرەكانەوە، وادەكات تاك پێشینەیەكی تایبەت بەخۆی دروستبكات، ئەم پێشینەیە دەبێتە بنەمایەك بۆ تێگەیشتنێكی ڕێژەییانە، نەك ببێتە قاڵبێكی هەمیشەییو جێگیر، بەمپێیە وێڕای گەنجی كۆزانیارییە زمانیو دونیاییەكان لە یادگەدا، مرۆڤ بەهۆی خودێتیی دروستكردنی سكێماكانەوە، تێگەیشتنی لە دونیا لە بۆ یەكێكی دیكە جیاوازدەبێت.

دووەم/ لەسەر ئاستی گشت

ئەم چەشنەیان پتر لەو بۆچوونە نزیكدەبێتەوە، كە ئەزمونەكانی مرۆڤو كۆزانیارییەكانی دەربارەی جیهان هاوتای واقیعە، ئەمەش بە بۆچوونی بابەتگەراییانە ناسراوە، زمانەوانانی دركپێكردن ئەم جۆرە لێكدانەوەیە بۆ دركپێكردنێكی هاوبەشیانە دەگەڕێننەوە، بۆنمونە واتای فەرهەنگیی وشەكانو هەڵهێنجانی واتای ئیدیەم لە چەشنی لێكسیمو پەندی پێشیناندا، بۆ ئەم جۆرە كۆزانیارییە هاوبەشە دەگەڕێتەوە، بەمپێیە ئێمە لە ڕێگەی فۆرمەكانەوە جارێكی تر دونیای كلتوریی بەبیرخۆمان دەهێنینەوەو بەهۆیەوە سەرلەنوێ تەلقینی بیركردنەوەكانمان دەكەینەوە، هەروەك كۆی ئەو فۆرمانەی لە خشتەی ()دا تۆماركراون.

سێیەم/ لەسەر ئاستی تاك-گشت

مرۆڤ لە پەیوەندیكردنی بەوی ترەوەو دروستكردنی تۆڕی پەیوەندیی بەوانی ترەوە، بەكۆدكردنەكانی لە دووتوێی فۆرمە زمانییەكاندا، بە تێگەیشتنە خودیو هاوبەشەكەوە دەخاتەڕوو، بەو مانایەی كاتێك قسەكەر تێگەیشتنە هاوبەشەكانی دەربارەی دونیا دەگۆڕێتو بەجۆرێكی دیكە بیردەكاتەوە، ئەوا بەكارهێنانی فۆرمە زمانییەكەش، ئەگەرچی وەك تیاهەڵگرێك هەڵگری سكێمای وێنەیی هاوبەش بێت، ئەو تاكە سكێما هاوبەشە، كە بەهۆی پێشینەی زانیارییە زانستیو دونیاییو ئاینییەكانەوە بۆ وێنەیەكی دیكە دەگۆڕێت، زۆركات ئەم وێنەیە بەهۆی هەڵی بڵاوبوونەوەی بۆ تاكەكانی دیكە، دەبێتەوە بە كۆدێكی هاوبەشی نوێ، بۆنمونە سكێمای وێنەی پەندی پێشینانی (دەست بە كڵاوەكەی خۆتەوە بگرە با نەیبات) لەنێوان نەوەی كۆنو نوێدا دوو وێنەی جیاوازە، بەجۆرێك لە یەكەمیاندا هەڵگری چەمكی (بێوەییو بێكێشەییو تەندروستیی كۆمەڵایەتییە)و لای نەوەی نوێش، هەڵگری چەمكی (ترسنۆكیو هەڵبژاردنی ژیانی مێگەلئاساییە).

پرسیاری گرنك پەیوەست بەم وەچەپارەو بەگشتی سەبارەت بە كۆی ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە ئەوەیە، ئایا وەرگێڕانی چەمكە كوردییەكان بۆ زمانی دووەم، یان سێیەم، پێویستە وەرگێڕانێكی تێئاخنراویی بابەتگەراییانە، یاخود چەمكگەراییانە بێت؟

لێكۆڵینەوەكان لە بواری دركردنی زمانیدا، جەخت لەوە ئەكەنەوە، كە بەكۆدكردنی زمان لەقاڵبدراوو جێگیرو هەمیشەیی نییە، بەڵكو مرۆڤ جیهان بەو جۆرەی دەیەوێت وێنادەكاتو بەكۆدیدەكات، هەروەك عەلی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

وەردی دەڵێت، مرۆڤ دونیا فڕێدەداتە نێو هۆشمەندێتیو ژیریی خۆیەوە، بۆیە چۆنێتیی تێگەیشتن لە دونیا، سنوری کۆدەکانی مرۆڤ لە گوزارشتکردنو لێکدانەوەدا دیاریدەکات، ئەمەش بەرجەستەی ئەو راستییە دەکات، کە پێویستە وەرگێڕانەکان بەپێی تێگەیشتنی چەمکەکان لە دوتوێی فۆرمە بەکارهێنراوەکاندا ئەنجامبدرێت، تەنها ئەمەشە دەبێتە میکانیزمێکی سەرکەوتوو بۆ ناسینی کۆی بیرکردنەوەکانی کورد بەهۆی وەرگێڕانی بۆ زمانی دووەم، یان سێییەمەوە.

کەواتە پێویستە وەرگێڕ:

یەکەم/ دەقە کوردییەکە وەك سەرچاوە source language بۆ کۆدە مەبەستدارەکان جیابکاتەوە، بەجۆرێك هەر کۆدێکی بەکارهێنراو هەمبەر بە چ چەمکێك لە فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردیدا دێت، پۆلێنبکات. بۆنمونە بڕوانە کردنەوەی کۆدی باوکسالاریی لە فەرهەنگو ئەدەبیاتی کوردیدا:




وێنەی (١) تۆڕی سیمانتیکی

وەها گریمانە دەکەین، کە لە دەقێکدا چەمکی باوکسالارێتی لە (٩)دا بەکۆدکراوە:

٩. باوك پێویستە جومگەکانی ماڵ بگرێتەدەست.

وەرگێڕ پێویستە سکێمای وێنەیی وشەی باوك لە چەمکی باوکسالارێتیدا بدۆزێتەوە، یان پەیپێبەرێت، ئەمەش لە رێگەی پشتبەستن بەوەی کێ ئەم کۆدە زمانییەی بەرهەمهێناوە، ئەگەر باوەڕدارێکی سەلەفی بێت، ئەوا ئەو بەستەرە چەمکییانەی وێنەکە دروستدەکەن، جیاوازن لەو بەستەرانەی، کە چەپێکی بێباوەڕ دروستیدەکات، جیاوازیی بەستەرەکانیش، بۆ جیاوازیی (هێزی ئاڕاستەکانو کات) دەگەڕێتەوە، بۆنمونە هێزی ئاڕاستە لای باوەڕدارێکی سەلەفی، لە گەڕانەوەیدایە بۆ رابردوو، لەکاتێکدا لای چەپێکی بێباوەڕ لە ئێستادابوونە، یاخود لای فیمینیزمێك بەستەرەکانی (حوکمو شوێنو کات) لەکاردادەبن بۆ دروستکردنی سکێماکانی وێنەی (نایەکسانی، نادادی، دواکەوتوویی، دڕندەیی)، بەمپێیە بەستەرەکان وێنەی جیاواز لە هزری تاكو گشتدا دەخوڵقێنن.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




وێنەی (٢) بەستەرەكان

لەبەرئەوە وەرگێڕ پێویستی بە كردنەوەی كۆدە زمانییەكەیە بەپێی ئەو دەقەی تێیدا هاتووە، چونكە لە كردنەوەی كۆدەكاندا، دەریچەكان وەك دۆخی ڕێزمانی، كە بریتییەلە بەچەمككردنە ڕێزمانییەكەی‌و هەڵگری چەمكی پەیوەندیی نێوان كەرەستەكانە، ڕۆڵی لە كردنەوەی واتاو مەبەستی كۆدەكەدا هەیە، چونكە چۆنێتیی كردنەوەی ئەم كۆدانە دەروازەی چوونەناوەوەی وەرگێڕ بۆ زمانی ئامانج target language والأدەكات.

بۆ چۆنێتیی كردنەوەی كۆدەكان لە زمانی سەرچاوەدا، پێویستە وەرگێڕ خاوەنی كۆمەڵێك مەعریفە بێت:

١. مەعریفەی زمانی: هەر مرۆڤێك لە دونیادا بەهۆی یادگەیەوە هەڵگری ئەم چەشنە لە مەعریفەیە، كە بە زاراوە ناپسپۆڕییەكەو بەكارهێنانە باوییەكەی خەڵك بریتییەلە سەلیقەی زمانی، ئەم سەلیقەیە توانستێكی خۆڕسكی مرۆڤە بۆ پەیوەندی‌و لەیەكگەیشتن بەهۆی ئاستەكانی زمانەوە، كارامەیی‌و درككردنی مرۆڤ توانای جیاواز بۆ وێنەگرتنی توانستەكە بە تاك دەبەخشێت. وەرگێڕ پێویستە ئەكادیمیانە توانای شەنوكەوكردنی ئاستەكانی زمانی هەبێت‌و زانستییانە مەعریفە زمانییەكان لە كردنەوەی كۆدەكاندا بەكاربهێنێت، نەك سەلیقەی خۆی لە كردنەوەی كۆدە زمانییەكەدا بخاتەگەڕ، كە لەراستیدا ئەمە یەكێكە لە كەموكوڕییەكانی وەرگێڕانی دەقی كوردی، بەمپێیە وەرگێڕ وەك خاوەن مەعریفەیەكی خۆڕسكی زمانی، پێویستە خاوەن توانایەكی زانستیش بێت لە كردنەوەی كۆدە زمانییەكەدا، چونكە وەرگێڕێك كە خاوەنی ئەم توانا زانستییە نەبێت، ناتوانێت درك بە جیاكردنەوەی واتای مۆرفیمی، وشەیی، ڕستەیی، دەقی‌و ڕێزمانی‌و لەنێو چەشنەكانی واتاشدا واتای دەروونی، كۆمەڵایەتی، كلتوری،... بكات.

٢. مەعریفەی كۆمەڵایەتی‌و كلتوری: هەموو دەقێك بەدەر لە دەقە زانستییە پەتییەكان، هەڵگری چەمكی كۆمەڵایەتی‌و كلتورییە، بۆیە وەرگێڕ پێویستە شارەزایی‌و پاشخانێكی پتەوی لە كلتورەكەی خۆیدا هەبێت، بەجۆرێك توانای كردنەوەی كۆدە كۆمەڵایەتی‌و كلتورییەكەی پێببەخشێت.

٣. مەعریفەی خودێتی: ئەم جۆرە مەعریفەیە لە ئەنجامی كارلێككردنی وەرگێڕ لەگەڵ دونیاو بوارە ناجەستەییەكاندا دروستدەبێت‌و دەبێتە هاندەرێك لە چۆنێتیی كشانی واتای دەقەكاندا، بەم پێیەش وەرگێڕ توانای دروستكردنی سكێمای وێنەیی جیاوازیی لە كردنەوەی كۆدەكاندا دەبێت.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەپشتبەستن بە خاڵەکانی سەرەوە، پێویستە وەرگێڕ چوارچێوەی کۆدەکانو واتاکانیان بناسێتەوەو توانای گەڕانەوەی بۆ پێکهاتە واتاییەکانی هەبێت، هەروەك میتافۆرەکان، ئیدیەمەکان، میتۆنۆمییەکان، فەرهەنگی سیمانتیکیو پراگماتیکی...تاد.

١٠.أ. ئەم دەمەوەرە بەرنە دەرەوە.

ب. ئەم دەمهەراشە بەرنە دەرەوە.

ت. ئەم دەمشڕە بەرنە دەرەوە.

پێویستە وەرگێڕ توانای جیاکردنەوەی فیچەرە واتاییەکانی وشەی (دەمەوەر، دەمهەراش، دەمشڕ)ی پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە هەبێت، کە دیارترینیان لە دەمەوەردا (+مێ، -ڕێزگرتن)ە، لە دەمهەراشدا (+مێ، + زۆربڵێ)یە، لە دەمشڕدا (±مێ، -نهێنیی پاراستن)ە، بەمەش هاوواتای (دەمەوەر) هەمبەر بە (زماندرێژ) دێتەوە، ئەگەرچی هەم لەرووی بەهای ڕێزگرتنەوەو هەم لەرووی بەکارهێنانیشەوە بۆ نێرومێ، جیاوازن، بەوەی (دەمەوەر) تەنها بۆ توخمی (مێ) بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا (زماندرێژ) لەگەڵ هەردوو توخمەکەدا بەکۆددەکرێت، هەروەها هاوواتای (دەمهەراش) لە زۆرینەی دەوروبەرەکاندا بەرامبەر بە (چەنەباز، زۆربڵێ) دێتەوە، بەڵام هەرگیز (زۆربڵێ) بە هاوواتای (دەمەوەر)و (زماندرێژ) نایەت، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ توانای جیاکردنەوەی ئەم فیچەرانەی نەبێت، ئەوا کەموکوڕیی واتایی دەکەوێتە وەرگێڕانەکەیەوەو ناتوانێت هزرە کلتورییەکە بۆ زمانی ئامانج بگوێزێتەوە.

دەرخستنی ئەم کۆزانیارییە کۆمەڵایەتیو کلتورییە، ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، کە ئایا وەرگێڕانی وشەکانی دەمهەراش، دەمەوەر، دەمشڕ لە خشتەی (٥)دا، هەمان سکێماو مانای کلتورە کوردییەکە دەگوێزێتەوە؟، ئەم پرسیارە لە مشتێك کە نمونەی خەروارێکە، کۆی وەرگێڕانەکان دەربارەی وشەو دەستەواژەو دەربڕاوە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان بۆ زمانی دووەم یان سێیەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

دووەم/ پێوستە وەرگێڕ خاوەنی مەعریفەی زمانییو دونیایی زمانی دووەم، یان سێیەم بێت، لە ڕێگەی کارلێکردنییەوە لەگەڵ زمانو کلتورەکەیدا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دروستکردنی سکێما هزرییەکەیدا بشکێتەوە.

وەرگێڕ بەو چەشنەی دەسەڵاتی بەسەر زمانی سەرچاوەدا لە ڕێگەی دروستکردنی سکێماکانەوە دەشکێتەوە، پێویستە وەهاش درك بە هزری کۆمەڵایەتیو کلتوری زمانی دووەم، یان سێیەم بکاتو بتوانێت سکێماکان هەمبەر بەیەك وەربگێڕێت، لەکاتێکدا کە سکێمای زمانێك هەمبەر بە زمانی دووەم، یان سێیەم نەوەستێتەوە، ئەوا پێویستە وەرگێڕ بۆ فیچەری نزیك لەو سکێمایە بگەڕێت، بەمپێیە کۆزانیاریی ئاشکراو نائاشکرای هەردوو زمانەکە بە زاراوەی میکایل پۆلان، گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی وەرگێڕانێکی دروست.

١١.أ. کەسێکی جوانە.

ب. کەسێکی رووبازاڕییە.

کۆزانیاریی نائاشکرای هەردوو زمانەکە، دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی جیاوازیی سکێمای هەردوو دەربڕاوەکە، بەجۆرێك زانیاری، داتا، هەستەوەرەکان، ژیریی، پێوەر، واتای زمانیو سکێمای نازمانی بۆ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دروستکردنی وێنەکە ڕۆڵدەبینن، پاشان بەهۆی کۆزانیاریی ئاشکراوە، بەرجەستەی کۆزانیارییە نائاشکراکە دەکرێت، بەمجۆرە بۆ وەرگێڕ پێویستە ڕستەی (١١) وەك دوو ڕستەی جیاواز، نەك هاوواتا وەربگرێتو جیاوازییەکە بۆ زمانی ئامانج، هەروەك واتای جوان پەیوەست بە ڕستەی (١١أ)ەوە بەپێی فەرهەنگی کوردی، وەسفێکی ڕوکەشییانەی مرۆڤەکەیە، دەشێت کەسەکە کوڕ، یان کچ بێت، لەکاتێکدا ڕستەی (١١ب) جگەلە وەسفکردنی جوانیی کەسەکە، خواستو داوای کەسەکەشە لەلایەن بەرامبەرەوە، واتە خوازبێنیو خواستنی زۆرە.

لێرەدا دەبێت بپرسین، ئەگەر ڕستەی (١١أ) بۆ (هي الجميلة./ هو جميل.) وەربگێڕین، ئایا ڕستەی (١١ب) هەمبەر بە ڕووبازاڕیی، بەپێی ئەو خەسڵەتانەی خستومانەتەڕوو، چ وشەیەکی زمانی عەرەبی، مانا کۆمەڵایەتییەکەی دەگوێزێتەوە؟ ئەگەر وشەی (حجّاب) بێت وەك لە خشتەی (٥)دا بەرجەستەکراوە، ئەوا لە زمانی کوردیدا وشەی (سەرنجڕاکیش) هەڵگری چەمکە عەرەبییەکەیە، نەك ڕووبازاڕی.

بۆئەوەی وەرگێڕ پڕاوپڕ ماناو مەبەستە کلتورییەکە بگوێزێتەوە، پێویستە بۆ وشەیەك بگەڕێت، کە هەمان سکێمای وێنەیی لە ئاوەزیی قسەپێکەری زمانی عەرەبیدا هەبێتو بەهۆیەوە چەمکە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە، لەکاتێکدا کە هەمان چەمك نەبوو، ئەوا وەرگێڕ جگەلەوەی پێویستە چەمکێکی نزیك لە چەمکی زمانی سەرچاوە درکپێبکات، لە هەمانکاتدا ڕوونکردنەوە لەسەر چەمکی زمانی سەرچاوە بدات، تاکو خوێنەری زمانی دووەم لە بەکارهێنانە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکەیدا بەئاگابێت.




وێنەی (٣)

١٢. ژنەکە دوای ئەوەی مارەبەجاش کرا، گەڕایەوە لای هاوسەرەکەی.

بۆنمونە وشەی (مارەبەجاش)، وەك لە خشتەی (٥)دا هاتووە، ئەگەر لە زمانی عەرەبیدا کە هەڵگری هەمان ئایینو وشەیەکی بەرامبەری هەبێت، ئەوا سەختە بۆ زمانی ئینگلیزی دوو کلتوری جیاوازین، وشەیەکی هاوبەرامبەری هەبێت، ئەوکات وەرگێڕ پێویستە وشەکە یان وشەیەکی نزیککراوەی چەمکە کلتورییەکەی بۆ بدۆزێتەوە، یاخود

چەمکە کلتورییەکان، بەشێکی پەیکاڵن بە وردە کلتوری جوگرافیاکانەوە، نەك هەموو جوگرافیای نەتەوەکە، بۆنمونە وشەی (ڕەدوکەوتن) هەڵگری چەمکی وردە کلتورێتییە، بۆ وەرگێڕ پێویستە پاشخانێکی وردی لەسەر وردە کلتورەکان هەبێتو بتوانێت سکێمای چەمکەکە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە، هەروەك هێزی سکێمای ڕەدوکەوتن لە جوانیو کارامەیدایە، بەڵام لە ڕستەی (١٣)دا لە کەمڕەوشتیدایە.

١٣.أ. ئەگەر باش بوایە ڕەدوئەکەوت.

ب. لەبەرئەوەی ڕەدوکەوتبوو، کوشتیان.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

لە شێوەزاری سلێمانیو دەوروبەریدا، وشەی (هەڵگرتن) بە هەمان چەمکی (ڕەدوکەوتن) بە واتا نێگەتیڤەکەی بەکاردەهێنرێت، وا گریمانەدەکەین جیاوازیی چەمکی هەردوو وشەکە بۆ پێکهاتە هزرییەکەی بگەڕێتەوە، کە بریتییەلە جوڵەی ئاڕاستەی جەمسەری نێر بۆ مێ، یان بەپێچەوانەوە، هەروەك جوڵەی ئاڕاستە لە (ڕەدوکەوتن)دا مێ بەرەو نێرەو خواستو ویستو هێزی (مێ) خودی ڕوودانی کردەکەیە، لەکاتێکدا لە (هەڵگرتن)دا جوڵەی ئاڕاستەکە لە نێرەوە بۆ مێیەو بەمەش خواستو ویستی نێر، خودی ڕوودانی کردەی هەڵگرتنەکەیە. لەبەرئەوە وەرگێڕ پێویستە بەم کۆزانیارییە کلتورییەوە بۆ وشەی بەرامبەر لە زمانی ئامانجدا بگەڕێت، بۆ نمونە ئەگەر وشەیەك لە زمانی ئامانجدا بە واتای پۆزەتیڤی (ڕەدوکەتن) نەبوو، ئەوا پێویستە ڕوونکردنەوە لەسەر چەمکی (ڕەدوکەوتن) بنوسێت، لەکاتێکدا وەرگێڕ لە وشەیەکی وەك (هەڵگیران)دا پێویستی بەم ڕونکردنەوەیە نییە.

هەندێك لە وشەکان هەم هەڵگری مانای فەرهەنگین، هەم هەڵگری فیچەرە واتاییەکانی ئایینن، بۆ نمونە وشەی قوربانی لە زمانی کوردیدا، بە واتای فەرهەنگیو کلتوریش دێت، وەك لە خشتەی (٤)دا پیشاندراوە:

١٤. أ. ئەو خۆی کردە قوربانی بۆماڵومناڵەکەی.

ب. ئەو ئەمساڵ قوربانی ئەکات.

وشەی قوربانی لە (١٤أ،ب)دا یەك فۆرمە بەڵام پەیوست بەکلتورەوە هەڵگری دوو چەمکی جیاوازە، لە (أ)دا گەیاندنی بەسەربردنی ژیانێکی سەختو نالەبارو پڕ دەردە سەرییە، لە (ب)دا پێڕەوکردنی سوننەتەتێکی گەورەی ئایینی ئیسلامە لە سەربڕینی وڵاخو دابەشکردنی گۆشتەکەی بەسەر خەڵکدا.

لە زمانی عەرەبیدا جیاواز لە زمانی کوردی، سەروبۆری هەردوو وشەکە بۆ گەیاندنی مەبەستە فەرهەنگیو کلتورییەکە جیاوازە وەك لە ڕستەی (١٥)دا خراوەتەڕوو، بەڵام بەهۆی جیاوازیی کلتوریو ئاینییەوە وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی بۆشایی واتایی دەهێنێتەئاراوە.

١٥. أ. هو مُضَحِي لعائلتة.

ب. هو يُضحِي هذه السنة.

لێرەدا وەرگێڕ پێویستە کار لەسەر ئەم گریمانانە بکات:

١. ئەو وشە فەرهەنگیانەی هەڵگری کرۆکەواتای ئاماژەبۆکراوەکانیانن، گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت، کە مەرج نییە لە زمانی دووەم یان سێیەمدا ئەگەرچی ئاماژەبۆکراوەکانیشان هەمان شت بن، هەڵگری هەمان کرۆکەواتابن، هۆکاری ئەمەش بۆ چۆنێتی دروستکردنی سکێماکانی وێنە لە زهنی قسەکەردا دەگەڕێنینەوە، هەر ئەمەش بەرهەمهێنەری بیری ڕێژەگەراییە لە زماندا.

٢. ئەو وشەو دەستەواژانەی هەڵگری هزری ئایینین، هەندێکی بەهەمان فۆرمو هزری ئاینییەوە لە زمانی دووەم یان سێیەمدا هەیە، لەگەڵئەمەشدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە هەندێکی دیکەی تێکەڵ بە خوێندنەوەی کلتوریانە دەبێت، دەشێت ئەم خوێندنەوە کلتورییە لەگەڵ زمانی دووەم یان سێیەمدا پێکداچوونو نزیکییەکی هەبێت یان هاوتەریب بن.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣. ئەو وشەو دەستەواژانەی هەڵگری هزری کۆمەڵایەتیو کلتورین، دوو گریمانەی لێدەکرێت، یان ئەوەتا بەهۆی تێکەڵبوونو هاوبەشێتی کۆمەڵایەتیو کلتورییەوە هەمان چەمکی کۆمەڵایەتیو کلتوریش لە زمانی ئامانجدا هەیە، یان ئەوەتا بەجۆرێك جیاوازن، دانانی هەر فۆرمو چەمکێك لە زمانی ئامانجدا دەبێتەهۆی وێرانکردنی چەمکە وەرگێڕاوەکە، بۆیە بۆ وەرگێڕ گرنگە بەجۆرێك ئەم چەمکانە بخاتەڕوو کە ببێتە هۆکارێك بۆ ناساندنی کلتورە کوردییەکە نەك وێرانبوونی.

بەمپێیە کارلێکردنی وەرگێڕ لەگەڵ جیهانداو پەیبردنی زانستیانەی بە شتەکانی دونیاو دەوروبەرو بەکارهێنانی فەرهەنگە تۆمارکراوەکەی پەیوەست بە دونیاوە، جگەلەوەش شارەزاییو کارامەیی لە بەکارهێنانە پسپۆڕێتیکەیدا، بنەمایەکی بەهێزدەبێت لە درککردن بە پرۆتایپی واتای شتەکانو واتای کلتوریو کۆمەڵایەتیو هەڵهێنجانی هزری شتەکان بەهۆی سکێماکانی وێنەکەوە، کە هەموو ئەمانە بنەمان بۆ دروست-وەرگێڕانی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام:**

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بە دوو خاڵ و ڕاسپاردەیەك دەستنیشاندەکەین:

١. مرۆڤی کورد کۆی ئەزموونە فکریو جەستەییەکانی لەنێو فۆرمی زمانەکەیدا هەڵگرتووە، ئەمەش بە تەنها پێشینەیەك نییە بۆ پرۆسەی پەیوەندیو لەیەکگەیشتن، بەڵکو بنەمایەکە بۆ دەستەبەرکردنی چۆنێتی بیرکردنەوەی کورد لە دونیاو دەوروبەری، هەروەك بەکارهێنانی کرۆکەواتا، فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، میتافۆر، ئیدیەم، دەربڕاوە نەریتیو بۆنەییەکان، وەك لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەدا خراوەتەڕوو، دەرخەری هزری کۆمەڵایەتیو کلتوری مرۆڤی کوردە دەربارەی پەیوەستکردنی ئەندامەکانی لەش، باڵندە، ئاژەڵ، سروشت، توخمی نێرومێ، ...تاد، بە هەڵهێنجانی بەها کۆمەڵایەتیو کلتورییەکانەوە.

٢. بەپشتبەستن بە خاڵی (١)، چەمکە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان وەك ئایدیۆلۆژیا لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە پەیڕەوی لێکراوە، بەجۆرێك هەندێکی أ. خوێندنەوەو تێگەیشتنی پێشینەی کوردە بۆ ئایین، هەندێکی دیکەی ب. هاوبەشێتی کلتورییە لەنێوان زمانە هاوسیکانیداو هەندێکیش ت. پێکداچوونو نزیکایەتی کلتوری هەیەو هەندێکی تریشی پ. تەواوو پڕاوپڕ تایبەتن بە کۆمەڵگای کوردی، بۆیە وەرگێڕانی ئەم چەمکانە بۆ زمانی دووەم یان سێیەم دەبێت بەپێی جۆری چەمکە کوردییەکە بێت، نەك چەمکی زمانی دووەم یان سێیەم، ئەمە لەکاتێکدا بەگشتی وەرگێڕەکان پشت بە چەمکی زمانی دووەم یان سێیەم دەبەستنو دەبنە هۆکاری پەراوێزخستنی هزری کۆمەڵایەتیو کلتوری کۆمەڵگای کوردی، ئەمەش وەها دەکات نەتوانین ئاستی ستونی فەرهەنگی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لەنێو فەرهەنگی زمانەکانی دونیادا گەشەپێبدەین.

٣. لە هەڵهێنجانی خاڵی (١،٢)ەوە دەگەینە ئەم ڕاسپاردەیە:

پێویستە وەرگێڕەکانی زمانی کوردی بۆ زمانی دووەم یان سێیەم، بایەخ بە کۆزانینی واتایی بدەنو توانای پەیبردنو درککردنیان بە جیاوازیی واتای لۆجیکیو درکپێکراویان هەبێت، هەروەها توانای جیاکردنەوەی سکێماکانی وێنەی کۆمەڵایەتیو کلتوری تاكو گشتیان هەبێت کە پشت بە (جوڵە، شوێن، خەسڵەتی فیزیکی، ڕێڕەو، ئاڕاستە، قەبارە، بەشو گشت، ڕەنگو کۆزانیاری پێشینە...تاد) دەبەستێت، بەمەش وەرگێڕ لەلایەك بەبوونی کۆزانیاریی زمانیو دونیاییو هەستیو ژیرییەکان، هەم بابەتگەراییانەو هەم خودگەراییانەو لەلایەکی تر بەهۆی پسپۆڕێتی زانستی زمانی کوردی، لە دامودەزگاکانی وەرگێڕاندا ڕۆڵی فلتەر ببینێت.

لەبەرئەوە پێویستە دامودەزگاکانی وەرگێڕان، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنو نرخاندنەوە، لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوەو بەپێی مەرجەکان، وەرگێڕەکان دابمەزرێنن، تا نەبنە هۆکاری شێواندنی مەبەستو واتای کۆمەڵایەتیو کلتوری زمانی کوردی بۆ زمانی دووەم یان سێیەم.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەکان:**

أ. بەزمانی کوردیی:

کتێب:

١. ئالان بادیۆ، پێشڕەو ئەحمەد، ... ، 2014، کتێبی یەکەم کێشەی سوبێکت، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. جەلال مەحمود، 2012، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەمو دووەمو سێیەم، بەڕێوبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣. حەمید عەزیز، 2011، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپی دووەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٤. سەباح ئیسماعیل، 2009، چەمکو ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥. محەمەد مەعروف فەتاح، 2010، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٦. مەنوچهێر موحسنی، و: ریبوار سیوەیلی، موسلّح ئیروانی،..، 2002، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

نامەی زانکۆیی/ بڵاونەکراوە:

٧. نالی ئەدهەم غەریب، 2016، درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**ب. بەزمانی ئینگلیزیی:**

8. Christine & T. Kevin, (2006), Language, culture, and society, New York.

9. Evans, V. & Green, M. (2006), Cognitive Linguistics An Introduction, Edinburgh university press.

10. Hudson. R. D, (1980) Sociolinguistics, Cambridge.

11. Santibanez. F, 2002, the object image –schema and other dependant schemas, Universidad de la rioja.

12. Velasco, O.I. D, 2001, Metaphor, Metonymy, and Image- schemas: an analysis of conceptual Interaction Patterns, journal of English studies – Volume 3, Universidad de la rioja.

13. Wardhaugh ,R) .1990, An introduction to Sociolinguistics, Ed Basil Blackwell, Oxford, Britain.

**پ. پێگەی ئینتەرنێت:**

14.https://pdfs.semanticscholar.org/1334/04573f2e93739d17037f7f54eaf91fa7a71f.pdf
15. file:///C:/Users/soma%20pc/Downloads/Dialnet-The ObjectImage Schema And Other Dependent Schemas-759850.pdf


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)